DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.355
گۆڤاری كوردستانیی بۆ لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# یاخیبوونی سیاسیی لە شیعرەكانی (رەفیق سابیر)دا

م.ی.أوات رحیم كریم
awat.rahim@garmian.edu.krd

پ.د.فەرهاد قادر كریم
farhad.qadirkarim@garmian.edu.krd

زانكۆی گەرمیان-كۆلێژی پەروەردە- بەشی كوردیی

**پوختە:**
ئـەم تویژینەوەیـە، هەوڵێكـە بـۆ خسـتنەڕوو و ڕەنگدانـەوەی بیریـی یاخیبـوون لـە نێـو دەقـە شـیعرییەكانی شـاعیردا، كـە لـەو ڕۆژگارەدا بـە روونیـی گیانـی یاخیبـوون لای شـاعیر بـە دیكـراوە، هەڵوێسـت وەرگرتنـی شـاعیر بەرامبـەر بـەو ڕووداو و كارەسـاتە گەورانـەی، كـە بـە سـەر نەتـەوەی كـورد دا هاتـوون بـە تایبەتیـی مەرگەسـاتی هەڵەبجـە، وا ئەكـەن شـاعیر سـەنگەری شـۆڕش و یاخیبـوون هەڵبژێرێـت و بەختكردنـی گیانـی خـۆی ئەكاتـە ئامانجـی كۆتایـی خـۆی، دۆخـی سیاسـی باشـووری كوردسـتان لـە نێـوان سـاڵانی) ١٩٧٠-١٩٩١) ،لـە ڕووی سیاسـییەوە هەڵكشـان و داكشـانی زۆری بـە خـۆوە بینـی، بـێ گومـان ئـەو ڕووداو و پێشـهاتانەش بـۆ شـاعیرێكی پەیوەسـت بـە خـاك و گەلـی وەك(رەفیـق سـابیر)، كاریگـەری خۆیـان ئەبێـت، ئـەم تویژینەوەیـە هـەوڵ ئـەدات چۆنێتیـی و چەندێتیـی تێڕوانیـن و هەڵوێسـتیی یاخیانـەی ئـەو شـاعیرە بەرامبـەر بـە دەسـەڵاتی سیاسـیی ڕژێمـی بەعـس لـەو سـاڵانەدا دەربخـات، شـاعیر بوێرانـە و دلێرانـە ئەڕوانێتـە ڕووداو و كارەسـاتەكان، كـە بـە سـەر نەتـەوەی كـورد دا هاتـوون و لـە هـەر وێستگەیەكیشـدا خاوەنـی ڕاو هەڵوێسـتی خۆیەتـی ، ئەمـە نـەك هـەر لـە شـیعرەكانیدا، بەڵكـو لـە ژیانیشـیدا ڕەنگیداوەتـەوە و بووەتـە تایبەتمەندییەكـی شـاعیر.

**كلیلە وشەكان: یاخیبوون، رەفیق سابیر، شۆڕش، ڕووبەڕووبونەوە.**

Recieved: 18/10/2023
Accepted: 27/11/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

یاخیبوون لە سەرەتای دروست بوونی ژیانی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە، چونکە دەروازەی شیکردنەوەی رووداوەکانی مێژووە، مرۆڤ بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو هەوڵەکانی لە پێناوی بە دەست هێنانی داهێنان و ئازادی و روو بە روو بوونەوە و بەرگرییکردن خستۆتەڕوو، کەواتە یاخیبوون دیاردەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییە، کە گۆڕانێکی بنچینەیی لە چوار چێوەی ئەو سیستەمانەدا روودەدات. لە نێو هەموو ئەدەبی نەتەوەکانی جیهان، کۆمەڵێ شاعیر و ئەدیبی یاخییان تێدا هەڵکەوتووە بە تایبەتیش لە ئەدەبیاتی فەرەنسیی و ئەڵمانیی و ئینگلیزیی و ئەمریکایی ، هەروەها لە ئەدەبی عەرەبییشدا خاوەنی ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی یاخیبوون و نیشتمانییە، ئەمەش ناوی هەندێ لە ئەدیبان و شاعیرانی یاخییە(کامۆ، جەیمس جۆیس، رامبۆ، پاوڵ ڤێلەین، چارلس بۆدلێر، جۆرج بوچنەر، ئێزرا پاوەند، نەوەی ترپەکە، ئەحمەد مەتەر، حوسەین مەردان، محەمەد ماغوت.....

کورد میللەتێکی ژێر دەستە بووە، ئەو سەرەتاییە زۆر گرنگە ببێتە سەرەتایەکی بابەتی یاخیبوون لە شیعریی کوردییدا، چونکە لە راستیدا ژێر دەستەیی بابەتێکی زۆرکاریگەر بووە، هەروەها پرسی چینایەتیی و کێشەی چینایەتیی، لە ناو کورد دا کاریگەری هەبووە بە سەر کۆمەڵگای کوردییەوە، بە دڵنیاییەوە رەنگدانەوەشی هەبووە لە سەر گیانی یاخیبوون لای کورد ئەوانە بابەتی گرنگ بوون لە ناو کورد دا پێش ئەم قۆناغە ، مەسەلەی داگیرکاریی و مەسەلەی چینایەتیی ئەمە دوو بابەتی زەقی ناو ئەدەبیاتی کوردین نەك بە تەنها شیعریش.

ژیان و زنجیرە رووداوەکانی پەیوەست بە گەلی کورد بە درێژای مێژوو، وایانکردووە، کە گیانی یاخیبوون بە ئاسانی چەکەرە بکات و پەل و پۆ بهاوێت، ئەم دیاردەیە لە سەردەمێك و شوێنێکەوە بۆ سەردەم و شوێنێکی تر جیاوازە و کەم و زۆر هەڵکشان و داکشانی کردووە، هەروەها کەلتووری بە زۆر بەسەردا سەپێنراو زیاتر باڵای بە گیانی یاخیبوون لای میللەتی کورد کرد، بەڵام ئەم یاخیبوونە بووە هۆی پاراستنی و مانەوەی کەلتورە جوانەکان و زمانی شیرینی کوردیی ، شاعیران هەمیشە ئامانجیان ئەوە بووە، کە گیانی هۆشیاریی و تێکۆشانی تاکەکانی کۆمەڵگا برەو پێ بدەن لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە هەموو تاکێك شانازی بە نەتەوەکەیەوە بکات .

لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە بواری ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە سەر چەند بابەتێکی کاریگەر بوەستین ، ئەکرێ لە روانگەی رەتکردنەوە و یاخیبوون و پابەند نەبوون لێیان بروانین ئەبینین ئەزموونی شیعری شاعیرانی کورد بە تایبەتی (بابا تاهیری هەمەدانی، ئەحمەدی خانی، نالی، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی ، پیرەمێرد، ئەحمەد موختار جاف، گۆران، فائق بێکەس، قانع، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، ...............هتد کە هەست بە رەتکردنەوەی شێوازی باوی نووسینی شیعریی ئەکەین و دژی ئەو دۆخە و قۆناغەی کۆمەڵگای کوردی هەڵوێستی وەرگرتووە، دوایش شاعیرانی تر هەمان رێچکەیان وەرگرتووە، دواتر دەرکەوتنی یاخیبوونی گرووپی روانگەییەکان و گرووپی کەرکوک- کفری ، کە دژی دەسەڵاتی سیاسیی و داب و نەریتی کۆنی کۆمەڵگایی کوردیی یاخیبوون ، ئەمەش لە نێو بوون و دەقیی شیعرییاندا رەنگی داوەتەوە.

لە پاڵ بێ دەنگیی و بێ هەڵوێستیی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و وڵاتە ئیسلامییەکانیش، جگە لە بێ دەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە جیهانییەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ، بێ گومان لە دۆخی ناهەمواریی وادا لای مرۆڤی شۆڕشگێڕ و بە هەڵوێست یاخیبوون ئەگاتە لوتکە و ئەمەش لە ژیان و شیعریی ئەو قۆناغەی(رەفیق سابیر)دا رەنگی داوەتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لەسەر میتۆدیی (ڕەخنەی سیاسیی - مێژوویی) کاری کردووە، بۆ دەرخستنی هۆکاریی یاخیبوونی شاعیر و چۆنێتیی و چەندێتیی ڕەنگدانەوەیی دیاردەیی یاخیبوونی سیاسییە لە نێو شیعرەکانیدا، هەر وەک ناسینی تایبەتمەندیی شیعرییەتیی لەو بابەتەدا .

لە دوو بەشی سەرەکیی پێک دێت، بەشی یەکەم بە ناونیشانیی (یاخیبوون و جۆرەکانیی و دۆخی باشووری کوردستان)کە دوو تەوەرەی لەخۆ گرتووە، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانیی( أ- چەمکی یاخیبوون ب- جۆرەکانی یاخیبوون) و تەوەرەی دووەم بە ناونیشانیی (دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانیی ١٩٧٠-١٩٩١)، بەشی دووەمیش بە ناونیشانی (یاخیبوون لە شیعرەکانیی (ڕەفیق سابیر)دا ، پێک دێت لە دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانیی ( ڕەفیق سابیر و ئەزموونی ژیانیی )وە تەوەرەی دووەمیش بە ناونیشانی (یاخیبوونی سیاسیی لەشیعری ڕەفیق سابیر ١٩٧٠-١٩٩١) دا و پاشان ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و پوختەکەیی بە هەردوو زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی خراوەتە ڕوو، لە گەڵ ریزکردنی ناوی ئەو سەرچاوانەی، کە بۆ پێگەیشتن و ئەنجامدانی توێژینەوەکە سوودمان لێ وەرگرتوون .

# بەشی یەکەم // یاخیبوون و جۆرەکانیی و دۆخی باشووری کوردستان

## تەوەرەی یەکەم// أ- چەمکی یاخیبوون

آ- چەمکیی یاخیبوون

یاخیبوون چەمکێکی فرە ڕەهەندە، چونکە لەکۆمەڵێك بوار و مەبەستیی تردا بەکار ئەهێنرێت، یاخیبوونی ئەدەبیی بە گشتی و یاخیبوونی شیعریی بە تایبەتیی یەکێکە لەو بوارانەی کە لە نێو بوارەکانیی ئەدەبدا گرنگیی پێ دراوە، یاخیبوون وەکو دیاردەیەك لە ژیاندا لە سەرجەم بوارەکانیی ژیاندا ئەبینرێت، بۆیە ئاسان نییە چەمکێکیی تایبەت بەم لایەنە، ئەمەش بێ گومان بە هۆی چەشنیی جیاوازیی فەرهەنگیی زمان و کەلتوور و لایەنی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا، چونکە ((هەموو زمانەکان کاتێك دێنە سەرپەسنیی دۆخێکی دەروونیی یان پەسنیی هەڵچوونێکی ناخ کەم وکوڕیان هەیە)) (نقشبندی،٢٠٠٤ : ٣٤) هەروەها دەربارەی پێناسەی یاخیبوون کۆمەڵێك پێناسەی جۆرا و جۆر کراوە، یاخیبوون بریتیە لە پێشێلکردنی فۆرم و یاسا و فەرمانڕەوایی وڵات و دانانی فۆرم و یاسای تر کە تەواو جودایە لە هەڵوێستێکیی باو )( یاخیبوون لە واقیع و لادان لەوەی باوە و هەڵوەشاندنەوەی چەمکە کۆنینەکان و سەر لە نوێ داڕشتنەوەیان بە شێواز و فۆرم و ناوەڕۆك و گیانێکە بزێوە. () (سعید، ٢٠١٠، :٢٧)

ئازادیی تاکەکەس پێوەرێکی بنەڕەتییە بۆ دروستکردنیی جیاوازیی لە نێو کۆمەڵگا دا، کە ئەم تاکانە کاریگەرییان نواند لە سەر دروستکردنی چەندین گرووپ و کۆمەڵەی جیاوازیی نوێگەریی، هەروەها ئەم نوێگەرییانە بە شدارییەکی ڕاستەخۆیان کردووە لە بواریی تێکۆشانی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی تێیدا، کەواتە یاخیبوون لە واقیعی کۆمەڵگا بریتییە لە ڕەتکردنەوەیی سەرجەم بابەتی کۆن و دەسەڵات و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی، دووبارە داڕشتنەوەیان بە شێواز و داهێنان و تەکنیکێکیی نوێ، بۆیە (جاك بریم) لە تیورەکەییدا بەم شێوەیە پێناسەی یاخیبوونی کردووە، کە ئەڵێت:(( یاخیبوون دیاردەیەکی دەروونییە، هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی ئازادیی هەڵبژاردن لە لایەن تاکەوە ئەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە، ئەمەش ئەبێتە هۆکارێك بۆ گۆڕانکاریی لە هەڵسوکەوتوو کرداری مرۆڤدا. یاخیبوونی دەروونیی هێزێکی ناوەکییەو کاتێك سەرهەڵئەدات، کە ئازادییەکان بەرتەسك ئەکرێنەوە،

وەك ئـەو هەڵسـوکەوتە تونـد و سـنوردارانەی دایـکان و بـاوکان لـە بەرامبـەر منداڵەکانیـان پەیـڕەوی ئەکـەن و هـاوکات پەرچەکـرداره تووندەکانـی منـداڵ لـە بەرامبەریانـدا )) (عبداللـە ، گـەردی ٢٠٢١: ١٣٣).

یاخیبـوون پەیوەندیـی بـە ئاسـتی رۆشـنبیریی و هوشـیاریی مرۆڤـەوە هەیـە بـە پێـی رادەی ئـەو ئاسـتە یاخیـی ئەبێـت، مرۆڤـی یاخیـی ئـەو مرۆڤەیـە، کـە لـە گـەڵ سیسـتەمی بەڕێوەبردنـی دەسـەڵات ناگونجێـت، بۆیـە پێویسـتە قوربانـی بـدات، کـە زیانـی پێ ئەگەیەنێـت، پاشـان هەسـت بـە چەشـنە جیاوازییـەك لـە نێـوان خـودی خۆیـی و کۆمەڵـدا ئـەکات، ئەتوانیـن بڵێیـن، کـە یاخیبـوون لـە ئەنجامـی ئەزموونیـی تاکەکانـەوە بـەرە و بیرۆکـەی گـەورە ئـەروات، چونکـە ((یاخیبـوون بریتییـە لـە رەتکردنـەوەی واقیعێکیـی سـەپاو لـە لایـەن نووسـەرەوە لـە رێگـەی فیکرەکانییـەوە، چونکـە بـە ناخـی نووسـەر خۆیـەوە پەیوەسـتە، بـەڵام پێچەوانەیـە لـە گـەڵ ئـەو گۆڕانکارییـەی، کـە شـۆڕش ئەنجامـی ئـەدات، بـە مەبەسـتی گۆڕانکاریـی لـە سـەرجەم بوارەکانـدا ))(کریـم، عبداللـە، ٢٠١٠: ١٦).

یاخیبـوون دوو چەشـنی جـودای لێ ئەبێتـەوە، کـە بریتیـن لـە کەسـی یاخیـی داهێنـەر و کەسـی یاخیـی تێکـدەر ئەرکـی ئەم دوو چەشـنە یاخیبوونـە تـەواو جودایـە، بـە وەی کەچەشـنی یەکـەم جـۆرە داهێنانێـك و گۆڕانکارییـەك دروسـت ئـەکات، کـە سـوود بـە خودیـی خـۆی و کۆمەڵگاکـەی ئەگەیەنێـت، بـەڵام یاخیبوونـی تێکـدەر، یاخیبوونەکـەی ئەبێتـە هـۆی شـێواندنی کۆمەڵگاکـەی و پێشـێل کردنـی یاسـا و دەسـتوور و رێسـای کۆمەڵگاکەیـی، چونکـە یاخیبـوون پەیوەندییەکـی راستەخۆی بـە خودەوە هەیـە، تەنهـا خودیـی مرۆڤـی هوشـیار و رۆشـنبیر کـە یاخیـی ئەبێـت، ئامانجـی گۆڕینـی سیسـتەمی بەڕێوەبردنـی دەسـەڵاتە یاخـود هوشـیار کردنـەوەی کۆمەڵـگا لـەو ناداپەروەریـی و نایەکسـانییەی، کـە باڵـی بەسـەر کۆمەڵـگادا کێشـاوە، کەواتە((جیاوازیـی نێـوان مرۆڤـی تازەگـەر و مرۆڤـی ئاسـایی ئەوەیـە ، مرۆڤـی ئاسـایی نامۆبوونـی خـۆی هەسـت پێ نـاکات، یاخـود کـە هەسـتی پێ کـرد لـە نـاو بونیـادە ئاسـنینەکان ناچێتـە دەرەوە .....بـەڵام مرۆڤـی تازەگـەر تێ ئاوارەبوونـی خـۆی واتـە نامۆبوونـی خـۆی –اغـتراب لـە نـاو بونیادەکانـدا جێ ئەهێڵێـت بـۆ تێکـەڵ بـوون لـە بونیـادەکان. )) (طـە، ٢٠٠٦: ٤) مـرۆڤ هەسـت بـە هەمـوو ئـازار و مەینییەتییەکانـی ژیـان ئـەکات، بـەڵام لـە گـەڵ ئەوەشـدا توانـای هەیـە ئـەو بارودۆخـە تێـی پەڕێنێـت ((بـە مانایەکـی تـر یاخیبـوون بەکارهێنانـی بەشـێکە لـە ئازادیـی ،لـە پێنـاو بـە دەسـت هێنانیـی تـەواوی ئازادییـدا بـە ئاراسـتەی دژایەتیکردنـی کۆیلەیـی و ژێـر دەسـتەیی، بەمـەش مرۆڤـی یاخیـی هەمیشـەیی مرۆڤێکـی ئـازادە، هەمـوو مرۆڤێکـی ئـازاد پێویسـتە بەرپرسیار بێـت بەرانبـەر بـە بوونـی خـۆی و ئەوانیتریـش .)) (ڕۆسـتەم ،٢٠١٦:١٦١)

بـەم جـۆرە یاخیبـوون بریتییـە لـە گونجـان و رەتکردنـەوەی هەندێـك لـە فەرمانـەکان، یاخـود حاڵەتێکـی دەروونییـە، کـەوا لـە مـرۆڤ ئـەکات لـەو دۆخـە دەربچێـت ((یاخیبـوون هۆکارێکـە لـە هۆکارەکانـی گونجـان، کـە ئەبێتـە هـۆی دەرچـوون لـە ژینگـەی بونیاتـی کۆمەڵایەتیـی بـە هەوڵـی دروسـتکردنی گۆڕانکاریـی، شـایەنی باسـە یاخیبـوون لـە ئەنجامـی ململانێیـی ناخیـی مـرۆڤ و حەزکـردن لـە رووخانـدن و وێرانکـردن دروسـت بێـت، یـان لـە پێنـاویی چاکسـازیی، ئینتیمـا بـۆ قەوارەیەکـی گەورەتـر، کـە هەسـتکردن بـە ناسـنامە و سـەربەخۆیی بداتـە تـاك.)) (عسـاف،٢٠٢٠:٢٤٥)

هـەر کۆمەڵگایـەك سـتەمدیدە بێـت و لـە ژێـر یاسـای بـە زۆر سـەپێندراو دا چەوسـایەوە ئـەوا ((سـتەمکاریی یاخیبـوون بەرهـەم ئەهێنێـت ، هەریەکەیـان پەلکێشـیی ئەویتریـان ئەکـەن))(فوکـو، ١٩٩٠:١٠٤).کەواتە یاخیبـوون بریتییە لـە نارەزایەتیی لـە لای مـرۆڤ، کـە لـە بۆچونێکـی گشـتییەوە سـەرهەڵئەدات، پاشـان لـە هەڵسـوکەت و رەفتـار و تێروانیینەکانیـدا بـە روونیـی دەرئەکەوێـت، کـە لـە نێـو بەرهـەم و داهێنانـە شـیعرییەکانییدا بەرجەسـتە ئەبێـت، کـە ئەمـەش لـە ئەنجامیـی رەتکردنـەوە و هەڵوێسـت وەرگرتـن بەرامبـەر بـە شـێوازیی ژیانێکـی دیاریکـراو بـە چەنـد چەشـنێك دەرئەکەوێـت یـان ملکـەچ نەبـوون و رەتکردنـەوەی دەسـەڵات یـان رەتکردنـەوەی بۆچونەکانـی تـر وەکـو (داب و نەریـت و ئـەو یاسـایانەی،

کە کۆمەڵگە لە سەریی ڕێککەوتوون، کەواتە هۆکارەکانی (دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئاینیی) پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ یاخیبوونی کۆمەڵگا .

ب- جۆرەکانیی یاخیبوون

یاخیبوون بە پێی کار و کاردانەوەکان ئەگۆڕێت و ئەم جیاوازییەش، چەند جۆرێک لە یاخیبوون ئەهێنێتەکایەوە، کە دیارترینیان ئەمانەن :-

١-یاخیبوونی سیاسیی

چەوسانەوە و زوڵم یەکێکە لەو دوو هۆکارانەی، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی بەرە و یاخیبوون ئەبەن و هەلوێستی ئەنوێنن و دەنگی ناڕەزایی خۆیان بەرز ئەکەنەوە، لە دنیایی شیعری کوردیی دا و بە تایبەتی شیعری هاوچەرخی کوردیی ، یاخیبوونی سیاسیی دیارترین جۆری یاخیبوونە، کە پانتاییەکی فراوانیی داگیرکردووە، یاخیبوون لە واقیع جەختکردن و دژایەتیی کردنی دەسەلات بە پێی((ئەم ڕەوتە بە ئەدەبیات و بەستنەوەی خەیاڵی و هونەریی بە یاخیبوونەوە جێبەجێ کراوە، ئەو مرۆڤەی کە دژی ڕاستییەکی خۆی یاخیی ئەبێت و هەوڵی زۆر ئەدات بیگۆڕێت)) (فوکو، ١٨٩٣: ٣٢٤) شیعری سیاسیی ئەو پەیامەیە، کە شۆڕش لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێتەکایەوە و چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی هەیە، ئەم چەشنە شیعرە ئامرازی گوزارشتکردنە و یاخیبوونە لە ژینی ژێر دەستەیی و ناوەڕۆکی ئەو گۆڕانکارییانە، کە مەبەستی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵ و ڕەتکردنەوەیی دیلیی و واقعی کۆمەڵگای دواکەوتوو .

٢-یاخیبوون لە نیشتمان

نیشتمان ئەو مەڵبەندەیە، کە مرۆڤ تێیدا لە دایك ئەبێت و ئاشنای زمان و ئاین و کەلتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەبێت، ئەم نیشتمانیی بوونە لە دەرەوەی دەسەلاتی تاکەکانەوەیە، مرۆڤ بە شێوەیەك، کە خۆی دیاری نەکردووە، واتە خۆ نەویستانە بۆ خۆی ئەبێتە هاونیشتمانیی یان هاوڵاتی نیشتمانێك، لای زۆربەی گەلانی جیهان نیشتمان بە دایك چوێنراوە، لە گەڵ ئەوەشدا هەندێك جار مرۆڤ لە نیشتمانیی خۆی یاخیی ئەبێت، ئەمەش وابەستەیە بە ڕووداوە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کەلتورییەکانی کە لەو نیشتمانەدا ڕوو ئەدەن، لە نێو دنیای شیعریی هاوچەرخی کوردیی دا، ڕۆژانی تاڵیی کورد کوژیی و ململانێی پارتە سیاسییە کوردییەکان، لە نێو خۆیاندا لە پاڵ خیانەت و زیانگەیاندن بە شۆڕشیی کوردستان لەو هۆکارە دیارانەن، کە وایان لە شاعیران کردووە لە نیشتمانی ئازیزی خۆشیان یاخیی بن و((کاتێک نیشتمان جوانییەکانی نامێنێت و بەهاکانی خۆی لە دەست ئەدات، ئیتر شاعیر لە یەک کاتدا هەم لە (نیشتمان) و هەم لە (ئازادی )یش یاخیی ئەبێت.))(میرە،٢٠٢٠: ٢٦٥).

٣- یاخیبوونی ئایینیی

یاخیبوونی ئایینیی مەبەست لەو جۆرە یاخیبوونەیە، کە شاعیر تیایدا بە ڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ سەرچاوەی نەهامەتییەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ لای خودا، یاخود ئایین و باوەڕێکی دیاریکراو جا ئەمە هەم لە دنیای تەسەوفدا بوونی هەیە و هەم لە دنیای خەڵکانی دەرەوەی ئەو ڕێبازەش بەدی ئەکرێت، بەو پێیەی خودا دەسەلاتی ڕەهای هەیە و بە بێ ئەو هیچ ڕوونادات ، ئەم بارە لای شاعیران بووەتە سەرچاوە بۆ گەلێک وێنەی یاخیی،(کامۆ) تێڕوانینی دەربارەی یاخیبوونی مرۆڤ بەرامبەر بە ئایین دەرئەبڕێت و ئەڵێت: ((مرۆڤی یاخیی بوو زیاتر ڕوو بە ڕوو ئەبێتەوە وەک لەوەی نکۆڵی بکات، لانی کەم ئەو سەرەتا نکۆڵی لە بوونی خوا ناکات، بەڵکو وەکو بونەوەرێکی هاوتا لە

گەڵیدا ئەدوێت، ئەم گفتوگۆیەش گفتوگۆیەکی ملکەچانە نییە، چەند و چونێکە ئارەزووی سەرکەوتن ئەجولێنێت.)) (کامۆ٢٠١٢ :٥٣)دەتوانین بڵێین کە ((دین بریتییە لە هەندێك هەست و شارەزایی، کە هەندێ کەس لە ئەنجامی گۆشەگیریی لایان دروست ئەبێت و وایان لێ ئەکات رەفتاریی دیاریکراو بنوێنن.))(عەبدوڵڵا،٢٠٢٢ :٢٦) .

٤- یاخیبوونی خودیی

بزاوتیی یاخیبوونی خود ئەوەیە ((کە ئەگۆڕێت بۆ ئەزموونی گشتیی، بۆ ئەمەش هەنگاوی پێشینە و یەکەم لای عەقڵ نامۆ بوونە لە شتەکان و ئەوە ئەزانێت، کە هەستکردن بە نامۆبوون هاوبەشە لە نێوان خەڵکدا و یەکگرتنی مرۆیی لە سەر یاخیبوون ئەوەستێت، یاخیبوون هیچ پاساوێکی نییە تەنها لەم یەکگرتنە نەبێت .))( القاضی، ٤٧:٢٠٠٤) گەلێک جار شاعیران ژیانیان لە خەم و پەژارە و نەهامەتیدا بردۆتە سەر زۆرجار تووشی هەڵچوونە دەروونییەکانی ((دڵەڕاوکێ و خەمۆکیی و نامۆیی....))ئەبن، کە ئەمانەش خەسڵەتیی یاخیبوونن و ژیانیان لە دووتوێی ژوورێکدا قەتیس ئەکەن و تووشی خۆ خواردنەوەیان ئەکات.

٥-یاخیبوونی کۆمەڵایەتیی

یاخیبوونی کۆمەڵایەتیی بە واتا یاخیبوون لەو داب و نەریت و کەلتوورانەی، کە شاعیر سەرنجیی لە سەریان هەبووە، ئەگەر شیعر ئەدەبیاتی کوردیی رەنگدانەوەی ئازار و مەینەتیەکانیی خەڵك و چەوساندنەوەی دەسەڵات داران بێت، شیعرەکانی شاعیریش رەنگدانەوەی ئازار و مەینەتیی و کێشەکانی کۆمەڵگای سەردەمی شاعیر بوون، شاعیر لە دەرکەوتەکانی سروشت کەڵك وەرئەگرێت، بۆ باشتر تێگەیشتن لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان، تێڕوانینی شاعیران بۆ ژن و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم، لەو بابەتانەن، کە ئەبنە هەوێنی یاخیبوونی کۆمەڵایەتیی.

٦-یاخیبوونی شیعریی

لەم جۆرە یاخیبوونەدا شاعیر رووبەرووی ناوەڕۆک یا رووخساری شیعریی باودا یان یەکێکیان ئەبێتەوە و جاڕی نوێخوازیی لێدەدات و پێیوایە ئەو شێوازە شیعرییە سواوە و ئەبێت لێی یاخیی بێت، جا ئەمە لە نێو دەقەکانیدا دەنگ ئەدەنەوە و بانگەشەیان بۆ ئەکرێت، شاعیرانی کورد لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی(٢٠) و سەرەتای حەفتاکاندا، لە رێگەی هەردوو گرووپی (کفری، ڕوانگەوە) بانگەشەی ئەم بابەتەیان ئەکرد و لە نێو دەقەکانیاندا هەوڵیان ئەدا جۆرە یاخیبوونێکی شیعریی پیشانبدەن ، بێ گومان ئەمەش بە سودی رەوتی شیعریی ئەو قۆناغە شکایەوە و گەلێک تێکست و وێنەی نوێ و داهێنەرانە هاتنە کایەوە .

تەوەرەی دووەم // دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩١)

بارودۆخی باشووری کوردستان لە رووی سیاسییەوە لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك گۆڕانکاریی مەزنی بە خۆیەوە بینیوە، ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر تاکەکانی کومەڵگا هەبوو، ساڵی (١٩٧٠) وێستگەیەکی گرنگ بوو لە مێژووی سیاسیی و رۆشنبیریی کوردیی دا، بەو پێیەی کورد هەمیشە تامەزرۆی ئاشتیی بووە و هەوڵی ئەدا لەم

رێگەوە دۆزینەوەی چارەسەرێکی هێمنانە بۆ کێشەی نەتەواییەتی ، بەو هیوا و ئامانجەی، کە چیتر کۆتایی بە ساڵانی زەحمەتی و فرمێسك و خوێن رشتن بهێنێت و بکەوێتە ژیانێکی ئارام و ئاسودە بوژانەوە بۆ پێشخستنی کوردستان، بەڵام وەك دەرئەکەوێت نییەتی رژێمی عێراق و نیەتی کورد لەم بارەیەوە یەکیان نەگرتۆتەوە رژێمی عێراق مەبەستی لەم گفتوگۆ رێکەوتنامەیە ئەوە نەبوو، کە گەلی کورد چاوەڕێی ئەکرد، هەر بۆیە دوای ساڵێك لە رێکەوتنامەکە حکوومەت دەستی کرد بە ((پاکتاوکردن و راگواستنی (٤٠٠٠٠)هەزار کوردی فەیلیی لە سەر زێدی باو باپیرانیان بۆ وڵاتی ئێران، بە بیانووی ئەوەی کە ئەوانە ئێرانین))(عەبدوڵلا ئیسماعیل،٢٠١٦: ٩٩) ،ئەم گواستنەوەیە تاوانێکی گەورە بوو، چونکە دوور خستنەوەی تاکی کورد لە زێدی باو باپیرانی جگە لە بێ ئومێدکردنی بەرامبەر رژێمی عێراق جۆرێکە لە سزادانی مرۆڤ و پێچەوانەی تەواوی مافەکانی مرۆڤە بەردەوامبوونی سیاسەتیی راگواستن و تەعریبکردن مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام ئەم سیاسەتیی راگواستنە لەم قۆناغەدا لە ژێر دەسەڵاتیی بەعسدا ئەگاتە لوتکە، کە راگواستنی خەڵکی کوردستان تا بێت فراوان تر ئەبێت و کۆمەڵێك شاریش بەر ئەم هەڵمەتی راگواستنە ئەکەوێت ئەم سیاسەتیی بە عەرەبکردن و راگواستنە گەلی کوردیی توشی نەهامەتی و کارەساتی خوێناویی کرد، نەك هەر ئەوە، بەڵکو رژێمی عێراق دەستی کرد بە گواستنەوەی عەرەبەکانی عێراق بۆ شوێنە کوردنشیینەکان و تەعریب کردنی کورد و دوور خستنەوەیان بۆ ناوچەکانی تری عێراق تەنانەت((دەسەڵاتدارانی بەغداد، هەر بەوەوە نەوەستان لە رێگەی عەرەبەکانی عێراقەوە، پرۆسەی بە عەرەبکردن لە کوردستاندا پەیڕەو بکەن، بەڵکو کەوتنە هاندانی عەرەبیی وڵاتانی تری عەرەبیی ، بۆ ئەوەی بێنە عێراق و بەشێکیان رەوانەی کوردستان بکات. بۆ ئەو مەبەستەش لە ٢٠ ی شوباتی( ١٩٧٢) دا ، بڕیاری ژمارە (٧٦) یان دەرکرد، کە بە پێی ئەو بڕیارە ڤیزە بۆ هەموو ئەو عەرەبانەی ئەهاتنە عێراق، هەڵگیراو بە بێ هیچ مەرجێکیش مافی مانەوەیان پێ ئەدرا .))( عەبدوڵلا،٢٠٠٨: ١٩٨).

دوای ماوەی تەواو بوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار دووبارە ململانێ و ناکۆکیی کەوتە نێوان دەسەڵاتدارانیی حکوومەتی بەعس و کورد، بۆیە سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٧٤ کە وادەی چوار ساڵەی جێ بەجێ کردنی بەیاننامەکە بەرە و کۆتایی ئەڕۆیشت و ناکۆکییەکانیش توند و تیژتر ئەبوون،گەلی کورد تێگەیشتن کە دەسەڵاتدارانی عێراق ناوەڕۆکی بەیاننامەکە جێ بەجێ ناکەن، بۆیە لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانەوە پەیوەندیان کرد بە بەرەکانی شۆڕشەوە .

کۆتای پێهاتنی ئاگر بەستی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردیی و حکومەتی عێراقیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە ساڵی(١٩٧٤) ، لە ئەنجامی رێکەوتنامەی جەزائیر لە (١٩٧٥\٣\٦) کۆتایی بە شۆرشی ئەیلوول هات و کورد توشی نسکۆ بوو، کۆمەڵێك لە وڵاتان کۆبوونەوە لە جەزائیر و پاشان ئەم رێکەوتنامەیە راگەیەنرا لە نێوان عێراق و ئێران لە سەر ئەوەی کە رێز لە سەروەریی خاکی هەر دوو وڵات بگرێت، پاشان ((راگەیاندنی رێکەوتننامەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ بۆمبایەکی لە ناکاو و چاوەڕوان نەکراو بوو، بە تایبەتیی کە سەرکردایەتی پارتیی هیچ نەخشەیەکی بۆ روو بە روو بوونەوەی ئەو زرووفە نەبوو، کە هەق بوو ئەو سەرکردایەتییە هەر لە سەرەتادا بیرێکی لەو ئیحتیمالە بکردایەوە، بەم جۆرە ئێران و ئەمریکا هاوکاریی و پشتیوانی خۆیان لە شۆڕشیی کورد بڕی ، هەر وەکو هەیکەل لە زمانی کیسنگەرەوە ئەگێرێتەوە سیاسەتێکیی بێ رەوشتانەمان بەرامبەر کورد هەبوو، نە یارمەتیمان دان و نەڵێشیان گەڕاین کێشەکەیان لە گەڵ حکوومەتی عێراقدا چارەسەر بکەن، هانمان دان و پاشان وازمان لێ هێنان .)) (بایز ئیسماعیل،٢٠٠١: ٥٤).

سەرهەڵدان و دامەزراندنی (ی.ن.ك) وەکو ((رێکخراوێك بوو لە هەلومەرجێکی ئیرهابی سەخت و دژواردا دامەزرا بوو، دوژمن و ناحەزی زۆری هەبوو، ئەرك و فەرمانێکی ئێجگار قورسی لە ئەستۆدا بوو، هێڵی سەرەکیی کارکردنی

هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بوو، ئەمە یەکێك بوو لە ئەرکە ساتەوەختی و گرنگەکان، دووەم ئەرکی دوورخستنەوەی بزووتنەوەی کورد بوو لە ژێر دەستی بێگانە و وردە وردە بزوتنەوەکە لە پێوەندییە سلبییەکانی جارانی پاك بکرێتەوە ))( مراد، ١٩٩٩:٨١)دوای ئەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان شۆڕشی هەڵگیرساند، کە یەکێك بوو لە ئەرکە سەرەکیەکانی (ی.ن.ك) ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە نائومێدی و داگیرکردنیی کوردستان، لە لایەك حکومەتی عێراقەوە باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، بەڵام لە هەرەس هێنانەوە بۆ کوردایەتیی و شۆڕشگێریی ئەویشی بە پێی بەرنامە و میکانیزمی رێبازێکی دروست ئەم کارەیان ئەنجامدا .

هەڵوێستیی بەعس بەرامبەر بە کورد تا ئەهات خراپتر دەبوو ((هەرچەندە لە سەرەتای دەستپێکردنەوە و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشەوە دەستەی دامەزرێنەریی یەکێتی بنەمایەکی کرداریان بۆ پێکهێنانی خانەی سیاسیی، نەك چەکداری دانا، بەڵام زیادبوونی توندوتیژیی ئەتنی لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە دژی میللەتی کورد، کارەکەی وا لێکرد بۆ رووبەروو بوونەوەی سەربازیی سەربکێشێت، بەڵام لە سەر شێوەی پارتیزانیی)) (مراد، ٢٠٠٦:٣١) هەموو ئەو زوڵم و زۆرەی، کە بە سەر نەتەوەی کورد هات، بووە هۆی هەڵگیرساندنی ئاگری ناخی شۆڕش گێڕان و رووبەرووبوونەوەیی دەسەڵاتدارانی بەعس بە رێگەی چەکداریی و سەربازیی، هەروەها ((سەرکردایەتی سیاسیی بەرە بڕیاری دامەزراندنی دوو مەکتەبی گرنگی دا ... یەکەمیان: مەکتەبی راپەڕاندن بوو، بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسیی، هەروەها بڕیاری پێك هێنانی مەکتەبی راگەیاندنشیان دا ، بارەگای هەردوو مەکتەبەکە لە راژان بوو لە سنوری کوردستان ئێران)) (ئسیماعیل،٢٠٠١:١٥٨) پێکهێنانی سوپای شۆڕشگێریی میللەت بۆ روو بە رووبونەوەی داگیرکەران و کۆنەپەرستان، گەلی کورد بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵ ئەدەن بۆ پاراستنی سەربەستیی و بەردەوام بوون و بەرە و پێشەوە چوون ئەم هێزی شۆڕشگێرییە لە بیروباوەڕێك پێك ئەهێنرێت ، بێ گومان بۆ پتەوکردنی بیروباوەڕی ئەم هێزەش پێویست بە پشتگیریی بەردەوامیی جەماوەر ئەکات بۆ ئەوەی بتوانن شان بەشانی یەکتر لە هەموو بارودۆخێکدا بوەستێت.

نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی (٢٠)بۆ کوردی باشوور پڕبوو لە مەرگەسات رووخاندنی هەزاران گوند، کە سەرچاوەی ژیانی خەڵک و مەئوای پێشمەرگە و پارتیزانان بوون، لە پاڵ پرۆسەی بەد ناوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و سیوسێنانە و شوێنەکانی تر هێندەی تر رقی کورد و شۆڕشگێڕانیان ئەستوور کرد و ئەم دۆخە تاکو ساڵی(١٩٩٠)بەردەوام بوو، دواتر لە ساڵی (١٩٩١)گەلی کورد راپەڕینی بەرپا کرد لە زۆربەی ناوچە کوردییەکان، لە ژێر دەسەڵاتیی رژێم ڕزگاریی بوو.

# بەشی دووەم\\ یاخییبوون لەشیعرەکانیی (ڕەفیق سابیر) (١٩٧٠-١٩٩١) دا

## تەوەرەی یەکەم \\رەفیق سابیرو ئەزموونیی ژیانیی

رەفیق سابیر، یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد لە ساڵی (١٩٥٠) لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە دایکبووە، کە خاوەنی دەنگێکی شیعریی تایبەتە ، ئەمەش بە هۆی ئەو سامانە بە نرخ و بە پێزەی کە بۆی بە جێ هێشتووین بە تایبەتیی دەقی شیعریی ( لاوکیی هەڵەبجە ) کە شاکارێکی زیندوویی نێو ئەدەبیی کوردییە، شاعیر لە نێو نیشتمانێکی دابەشکراو و میللەتێکی چەوساوە و ژێر دەستەدا پەروەردە بووە ، هەموو رووداو و کارەساتەکانیی نەتەوەکەیی بینیوە، کە چۆن بە دەستی داگیرکەران و کۆنە پەرستانەوە ئەچەوسێنرێنەوە و ئازار ئەدرێن، زۆربەی دەقە شیعرییەکان هەوڵدانێك بوون بەرەو یاخییبوون لەو پێوانە شیعریانە کە لە نێو ئەدەبدا باون، یەکێك لە

بابەتە دیارەکانی نێو شیعری ( ڕەفیق سابیر ) مەسەلەی سیاسەت و نیشتمانە، چونکە ژیانی شاعیر ئەکەوێتە ماوەیەکی پڕ گۆڕانکاریی و جوڵانەوە و ململانێی سیاسییەوە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شارەکەی خۆی تەواو کردووە شاری منداڵیی شاعیر قەڵادزێیە، شاعیر لە (١٩٧٠-١٩٧٤) لە زانکۆی بەغداد بەشی زمان و ئەدەبیی کوردیی و فارسیی خوێندووە، لەهاوینی ساڵی(١٩٧٢) تا ئەیلوولی(١٩٧٨)وەکو ڕۆژنامەنووس،لە ڕۆژنامەی(بیری نوێ) لە بەغدا، کاری کردووە، لە ساڵی(١٩٧٨)دەستی بە خوێندنی زمانی بولگاریی کرد، لە ساڵی (١٩٨١) لە شاخ لە گەڵ کۆمەڵێک نووسەر یەکێتی نووسەرانی کوردستانیان دامەزراندووە، هەروەها گۆڤاری(نووسەری کوردستان) یان دەرکردووە، لە ساڵی(١٩٨٢)دەستی بە خوێندنی دکتۆرا کردووە، لە هاوینی(١٩٨٧)خوێندنەکەیی تەواو کرد و هاوسەرگیریی لە گەڵ ئێکا کرد، لە ساڵی(١٩٩١)لە ئۆپسالا جێگیر بوو، لە ساڵی(١٩٩٣)گەڕایەوە کوردستان، بەڵام دوای شەش مانگ گەڕاییەوە سوید، لە ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١١) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، دوای دوو ساڵ دەستی لە کارەکەی کێشایەوە، ئێستاش لە سوید ئەژی.

ئەزموونی شیعریی شاعیر ئەزمونێکیی هێمنانە و دەنگێکی نەرمە بە جۆرێك کاتێك پەستیش ئەبێت یان نا ئومێد و نیگەران ئەبێت و توشی جۆرێك لە هەڵچوون و هەڵوێست وەرگرتن ئەبێت لە شیعردا، لە گەڵ ئەوەشدا بێزاریی و توڕەبوونەکانی دەربڕینێکی هێمنانەن، لە دەقە شیعرییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە پێمان دەڵێت: ((مرۆڤ بەو ئەندازەیەی دەتوانێت هێمن و میهرەبان بێت ، بە هەمان ئەندازە دەتوانێت زبر و توندوتیژ بێت و بەرازانە ڕەفتار بکات، ئەمانە حاڵەتێکی مرۆیین و لە خۆشەویستیی و کینەوە سەرچاوە ئەگرن، بە ڕای من سنوری نێوان خۆشەویستیی و کینە، هەنگاوێکە مرۆڤ بەو ئەندازەیەی ئەتوانێت کەسێکی خۆش بوێت و لە گەڵیدا هێمن و نیان و میهرەبان بێت، ئەتوانێت، بە هەمان ئەندازە و زیاتریش، ڕقی لە هەمان کەس ببێتەوە، زبر و کینە دارانە و توند و تیژانە ڕەفتاریی لە گەڵ بکات ئیرەیی، دڵ پیسیی و هەست کردن بە فێڵ و غەدریی کەسێکی نزیك، یان خۆشەویستێك ئەتوانن، ئەگەر مرۆڤ وریای خۆی نەبێت ، بە ئاسانی میهرەبانیی و خۆشەویستیی بگۆڕن بە ڕق و کینە و توند و تیژیی . هێمنیی و میهرەبانیی هونەرن، مرۆڤ لە ڕەوشی ژیان و ئەنجامی پەروەردە و دیسپڵیندا، فێریان ئەبێت . کە چی زبریی و کینە و توندتیژیی ، خوون ( خوویەکی غەریزەیی \ ئاژەڵیین ) کە توانای بێ سنووری بریندار کردن و وێرانکردن و لە ناو بردنیان هەیە. هەر دوو حاڵەتیش، مرۆیین و لە ئەدەب و هونەردا بە فراوانی ئەبینرێن .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٥١-٥٢)

شاعیر دەربارەی سەرەتای دەستکردن بە نووسین ئەڵێت: ((لە ناوەڕاستی شەستەکانیی سەدەی ڕابردوودا لە بارودۆخی شەڕی داسەپێنراویی دەوڵەتی عێراقدا، من لەو هەل و مەرجەدا خۆم بە نامۆ ئەهاتە پێش چاو زیاتر پەنام ئەبردە بەر خوێندنەوە. سەختی ژیان لە سەردەمی شەڕدا و هەوڵدان بۆ بەرگە گرتنی ژیان بەرە و نووسینیان بردم. بە کورتی بۆیە پەنام بۆ خوێندنەوە و نووسین برد تا بەرگەی سەختی ژیان بگرم .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٣٣) لێرەوە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە سەرەتای نووسینی شیعریی لە لایەن شاعیرەوە بۆ ڕۆژانی شەڕی ئەیلوول ئەگەڕێتەوە و لە ڕێگەی نووسینەوە ویستوویەتیی دۆخی پڕ ستەم و جەوری میللەتەکەی ڕەت بکاتەوە.

شاعیر دەربارەی ناوبانگیی خۆی لە نوسینەکانییدا ئەڵێت : ((پێم وابێ بە یەکەمین کۆمەڵە هۆنراوەکەم، کە ساڵی ١٩٧٦ بڵاوم کردەوە، هەرچەندە پێشتریش هەندێك لە هۆنراوەکانم زایەڵەیەکی ڕۆشنبیریان هەبوو .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٣٣) لێرەشەوە ئەو ڕاستییە خۆی دەرئەخات، کە شاعیر لە سەردەمێکی پڕ لە ململانێی سیاسیی و گۆڕانکاریی ڕامیاریدا جێ پێی شیعریی خۆی قایم کردووە ، بە مەبەستی ئەوەی وردتر لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و

سەرهەڵدانیی شۆڕشی نوێدا بوەستین سەرەتا بە دوای یاخیبوونی سیاسیی لای شاعیر ئەگەڕێین.
لە ئاکامی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان و زوڵم و ستەمیی رژێمی ئەو سەردەم و بوونی شاعیر لە ناو شاخ لە گەڵ پێشمەرگە و لە دواییدا رووکردنە مەنفا و دیتنی درندەیی ئەو رژێمە بە کاولکردن و کیمیا بارانکردن و وێران کردنی دێهات و شار و شارۆچکەکانی کوردستان، هەروەها شاعیر خۆی خەڵکیی شاری قەڵادزێیە ئەوەش هۆکارێکە، چونکە شاعیر هەر زوو درکیی بە درندەیی ئەم رژێمە کردووە بە تایبەتیی لە ٢٤ \ ٤ \ ١٩٧٤ ، کە ئەو کات زانکۆی سلێمانیی لێ بوو . زیاتر لە ٣٠٠ کەسی خەڵك و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیی تێیدا شەهید و بریندار بوون ، کاولکردنیی شاری قەڵادزێ لە بەرواری ١٧—٢٤ \ ٦ \ ١٩٨٩ و ، راگوێزانی بەرە و کۆمەڵگا زۆرە ملێییەکان ئاسکی کەلەك و دارەتوو ئەوانی تر... وڵاتە باڵا دەستەکانی ئەو سەردەمیش پاڵپشتیی ئەم رژێمەیان ئەکرد. ئەو جا ئەمانە هەموویان هۆکاری زۆر گرنگ بوون بۆ ئەوەی شاعیر ئەم ڕێچکەیە هەڵبژێرێت، شیعرەکانی روو لە نامۆیی و نائومێدیی بکەن.لە ساڵی(١٩٧٨)نیشتمان بە جێ ئەهێڵێت و روو بە رووی ئاوارە بوونێکی لە ناکاو ئەبێتەوە، بەرهەمەکانی شاعیر لە نێوان ساڵانی(١٩٧٠-١٩٩١) بریتین لە ((پشکۆکان دەگەشێنەوە١٩٧٦، ڕێژنە١٩٧٩، سووتان لەبەر باراندا١٩٨٥، وەرزی سەهۆڵبەندان١٩٨٧، لاوکی هەڵەبجە١٩٨٩، ڕازو گومان١٩٩٠، کاروانسەرا١٩٩٠).

## تەوەرەی دووەم\\یاخیبوونی سیاسیی لای (ڕەفیق سابیر ١٩٧٠-١٩٩١)دا

یاخیبوونی سیاسیی لە ئاکامی سەختیی و ئاڵۆزیی و ناهەمواریی بارودۆخی سیاسییەوە دروست ئەبێت، بە تایبەتیی ئەو دەقە شیعرانەی، کەخەم و کێشەی نەتەوەکەی و بارودۆخی سیاسیی دەرئەبڕن و ئەچنە نێو شیعری سیاسییەوە، یەکێک لە خەسڵەت و بنەماکانیی شیعریی سیاسییش، ئەوەیە، کە ورەی کۆمەڵگا و نەتەوەکەی بەرزبکاتەوە و هانی خەڵك بدات بۆ یاخیبوون و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە دوژمن.
خۆشی ئەم راستیەی نەشاردۆتەوە کاتێك ئەڵێت :((شیعر لای من قەت ئامرازێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی نەبووە، بەڵام ئەگەر جاران بە کاریگەریی کاری سیاسیی و باری پڕ لە تراجیدیای نەتەوەکەم، هەندێك شیعرم، کە زۆر نین، مۆرکێکی سیاسیی گشتیی، یان ئایدۆلۆجییان پێوە دیار بووبێت، ئێستا لەو مەسەلانە دەرباز بووم. شیعر لای من، لە هەر کاتێکی تر زیاتر هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەیەکی شیعرییانەی ئەو پرسیارانەی رۆژانە ژیان و واقیع و عەقڵ روو بە رووی ئەکەنەوە، یان هەوڵدانێکە بۆ وتنی شتێکی نەوتراو، بۆ دەرخستنی ئەو راز و شتە شاردراوانەی، کە رەنگە قەت نەدرکێنرێن و ئاشکرا نەکرێن.)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٤٢) بێ گومان ئەم قسەیەی شاعیر بۆ نووسینەکانی ئەم ساڵانەی دروستن، دوای ساڵانیی نەوەدەکان ، نەك ساڵانیی حەفتاکان و هەشتاکان، چونکە بە هۆی فشاریی بەهێزیی دەسەڵاتدارانی رژێمی بەعس لە سەر نووسەران و رۆشنبیرانیی گەلی کورد، کە هەمیشە ئەی چەوساندنەوە و ناچاری کردوون، کە زێدی باو باپیرانیان بە جێ بهێڵن روو بکەنە ناوچەکانی خوارووی عێراق و ئاوارەبوونیان بۆ وڵاتانی دەرەوە دەربارەی ئەمەش (ڕەفیق سابیر) ئەڵێت :-((من لەو کاتەوە وەکو تاوێرێکی هەڵقەندراو بەردەوام تل بوومەتەوە و لە هیچ شوێنێك خۆم نەگرتووەتەوە، لە بەر ئەوە لە هەر شوێنێك بووبم هەستم بە ئارامیی و سەقامگیریی نەکردووە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ١٩٥)
بەیاننامەی ١١ی ئازار رۆڵێکیی بەرچاوی هەبوو لە نوێکردنەوە و ئەدەبی کوردیی، نووسەرانی کورد مەودایەکی بەرفراوان لە پێشیاندا بوو، ئەوەش بڵاوکردنەوەی چەندین بڵاوکراوە و بەرپا بوونی ئاشتیی و دیموکراتیی، لەم بارەیەوە (ڕەفیق سابیر) ئەڵێت: - ((لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ دا و دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار، میللەتی کورد، پێی نایە

سەرەتای قۆناغێکی نوێ، کە قۆناغی ئاشتیی، ئاوەدان کردنەوە و پێ ڕەوکردنی گەلێك مافی نەتەوەیی و دیموکراتیی بوو بە تێکڕا ئەدیبی کوردیش، دەرفەتێکی فراوانیی لە بەردەمدا کرایەوە و ڕێگەی دەرچوونی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی درا .لە ئەنجامی ئەو دۆخە تازەیە و ئەو گۆڕانانەی لە وڵاتدا روویان ئەدا، بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی دروست بوو . ئەدەبی کوردیی لەو خۆ خواردنەوەیە دەرباز بوو، کە بە درێژایی ساڵانی شەست، تووشی هاتبوو ئەم بزووتنەوەیە، ئەو ڕاستییەی زیاتر سەلماند، کە ئەدەبیش وەکو و هەموو لایەنێکیی تری ژیان، لە سێبەری ئاشتیی و دیموکراتییدا گەشە ئەکات .)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٢٤٠)

شاعیر لە دەقی شیعریی( دەرگا لە ڕووی ئەم کزە بایە داخە ! )دا ئەڵێت:-

ڕووبارت بۆ دەریا گواستەوە

ئەم شەوە هەر دوایی نەهات

بۆنی کفنە زەرد هەڵگەڕاوەکانت لە سییەکانتدا تواندەوە

کەچی ئەم شەوە هەر دوایی نەهات .

ئەم کێلە هەڵمەقەنە!

گیانە تۆ بۆ ئەوەندە لاساریت

سەری ئەم گۆڕەشت هەڵدایەوە ؟

ڕەنگە ئێستا قوباد لێرە باری کردبێت و

لە کەناریی مێژوو پیاسە بکات

یان نیشتمانێکی دی بۆ ئاوارەکان بنیات بنێت ،

دووریش نییە ئێستا لە نێو دڵی مندا

ڕاکشابێت . (سابیر ،١٩٧٦:٨٠٦)

شاعیر لەم دەقەدا دڕندەیی ڕژێمی بەعس لە ڕووداوی بۆمبارانکردنیی شاری قەڵادزێ لە(١٩٧٤\٤\٢٤)دا دەرئەخات، ئەو ڕووداوەیی کە شەهید بوونی (١٦٣)کەس و زیاتر لە(٣٠٠)بریندارى لێ کەوتەوە، بەشێکیان خوێندکاری زانکۆی سلێمانیی بوون(قوباد حسن)ی خاڵۆزای شاعیر یەکێك بوو لەو شەهیدانە، شاعیر بەوپەڕی بێزارییەوە باس لە دڕندەیی بەعس ئەکات، کە هەرگیز لە چەوساندنەوەو خوێنڕشتن کۆڵنادات، شەو لێرەدا هێمایە بۆ نەهامەتییەکانی گەلی کورد، کە دواییان نایەت. لێرەدا شاعیر گوزارشت لە حاڵەتی دەروونیی تایبەتیی ناکات، بەڵکو وەکو شاعیرێکی یاخیی بەشێوەیەکی گشتیی گوزارشت لە کۆی هەموو ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی ئەکات ،کە بە هۆی خراپ بارودۆخی سیاسیی و کارەسات ڕووداوەکاندا ڕووی داوە ، کە لێرەدا وەکو یاخیبوویەکیی مێژووی سیاسیی گەلی کورد دەرئەکەوێت .لە قۆناغێکی هەستیاریی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردیی دا ژیاوە، کە تێدا کۆمەڵێك ڕووداویی گرنگ و کارەساتیی بینیوە ، بۆیە هەرگیز بەرهەمی ئەدەبیی لە ژینگەی کۆمەڵگەکەی دانابڕێت.

دەربارەی نەمانی شۆڕش و بزوتنەوە چەکدارییەکان لە دوای قۆناغی حەفتاکانەوە (ڕەفیق سابیر) ئەڵێت:- ((بەڵام هەرەس هێنانی بزاڤی چەکداریی ئەیلوول، لە ساڵی ١٩٧٥ دا کارەساتێکی نەتەوەیی بوو، چونکە دوای چواردە ساڵ شەڕ و خوێنڕشتن، لە کاتێکدا بزاڤەکە مایەی هیوای کورد بوو، کە چی بە ئاسانی هەرەسی هێنا، ئەمە سەرەتای مێژوویەکی پڕ لە تراجیدیای بۆ گەلی کوردستان دروست کرد .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٣١)

شاعیر گەر لە دەقی پێشوودا زیاتر دەردە دڵ بکات ئەوا لە دەقی شیعریی(نەخشەیەك)دا واقعیی داسەپاو ڕەت

ئەکاتەوە و روو بە رووی ئەبێتەوە و تا دوا هەناسەی ژیان یاخیبوون هەڵئەبژێرێت و ئەڵێت:-

چۆن سەنگەرێك جێ بهێڵم

لە نێو دڵما هەڵکەندرا بێت

چۆن بتوانم دەستبەرداری میللەتێك بم

خەونەکانی بە پاچی ژان و برسێتی

لەت کرا بێت ؟

بە بەندەری خوێنەکەمدا دەپەڕمەوە

لە نێو درزی گوللەیەکدا

باوەشێکی گەرم بۆ خۆم دەدۆزمەوە . (سابیر ،١٩٧٦:٨١٤)

دەقەکە بە سیما پرسیار و بە ناواخن وەڵام ئەداتەوە و رەتی ئەکاتەوە دەست بە کڵاوی خۆیەوە بگرێت و وەك تەماشەکەر لە چەوسانەوەی میللەتەکەی بڕوانێت و بێ دەسەڵاتانە دابەشکردنیی خاکەکەیی ببینێت، هەر بۆیە سەنگەری شۆڕش و یاخیبوون هەڵ ئەبژێرێت و گیان بەخت کردنی ئەکاتە ئامانجی کۆتایی خۆی. (رەفیق سابیر) دەربارەی بارودۆخی ئەو قۆناغە ئەڵێت:- ((حکوومەتی بەعس بڕیاری لێبووردنی گشتیی دەرکرد. دەیان هەزار خێزان، پێشمەرگە، رووناکبیر و تێکۆشەری دڵشکاو، سەرکز و بێ هیوا لە کامپەکانی ئێران و شاخەوە، رووت و برسیی، گەڕانەوە عێراق بەشێکی ئەو خێزان و کۆنە سەرکردە سیاسیی، سەربازیی و رووناکبیرانەی گەڕابوونەوە رەوانەی باشووری عێراق کران هەروا راگوێزانی گوندەکانی کوردستان دەستی پێ کرد ئەمە تڕۆپکی تراجیدیایەك بوو، کە درەنگ، یان زوو ئەبوو روو بدات ......بە پەیوەندیی لە گەڵ ئەم رووداوانە، چەند هۆنراوەیەکم نووسین، لە وانە : هۆنراوەی هۆ داربەڕووە خەمبارە ، کە ئابی ١٩٧٥ لە ژمارە ٢٨ ی گۆڤاری بەیاندا بڵاوکرایەوە ، هەروەها هۆنراوەی ئەم مرۆڤە و خۆشاردنەوە.)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٣١) شاعیر بەشی هەرە زۆری ژیانی لە خەم و پەژارە و نەهامەتییدا بردۆتە سەر زۆر جار تووشی هەڵچوونە دەرونییەکانیی ((دڵەڕاوکێ و خەمۆکیی و نامۆیی....))ئەبێت، کە ئەمانەش خەسڵەتی یاخیبوونن خەمی داهاتووش لە دەروونییدا سەر هەڵئەدات و بە گومانەوە ئەڕوانێتە ژیانی داهاتووی. لە گرنگترین نیشانەکانی ((ئارام نەبوون و بێزاری و وەرس بوون و بێ هیوایی و ڕەشبینیی لە ژیان، هەستکردنی بەردەوام بە دڵتەنگیی، خەم وخەفەتی بەردەوام، بە چاوی گومان و راڕاییەوە ئەڕوانێتە ژیان بۆیە((یاخیبوون بەردەوام روو بە رووی خراپە ئەبێتەوە و تاقە کارێکیش بۆی بمێنێتەوە ئەوەیە، کە دیسانەوە لە روو بە روو بوونەوەیدا بەرامبەر بە خراپە، بزوتێکی تازە بە خۆی ببەخشێت، مرۆڤ ئەتوانێت ئەوەی، کە پێویست بە جڵەوکردنە لە ناو ناخی خۆیدا، جڵەوی بکات.))(ئازاد بەرزنجی،٢٠١٦:٥٤٨)

شاعیر لە دەقی شیعریی (هۆداربەڕووە خەمبارەکە)دا ئەڵێت:-

هۆ داربەڕووە خەمبارەکە !

ئەوا لە تینووان ، یان لە نێو دوو کەڵدا وا هەڵبزڕکاویت

ئەگەر لەو سەرەوژێرە سەختە نەڕوابایت

نە ڕوخسارت وا هەڵدەپرووکا و

نەهێندەیش تینوو دەبوویت

ئێستاش ئەگەر چنگ لەم خاك و خۆڵە بەر بدەیت

سەری بەرزت دەنەوێت و

هەپرون بە هەپرونیش دەبێت .

هۆ داربەڕووە خەمبارەکە !

وەرە ڕەگەکانت لەبەر تاڤگەی خوێنم هەڵخە

بەڵکوو بۆ چەند ساتێك ئەو تینوێتییەت بشکێت

کەلەیەکەم ڕۆژی بوونتەوە

لەگەڵ خۆت هەڵت گرتووە(سابیر،٢٠٢٢: ٨١٦)

(داربەڕوو) هێمای بەهێزیی و ڕەگ داکوتاویی تاکی کوردە، ئەو بەرگەی هەموو کەش و هەوایەکی سەخت ئەگرێت، شاعیر لێرەدا پرسیار لە سیمای دار بەڕووەکانی کوردستان لە دوای رووخانی گوندەکان و راگواستنی کوردان ئەکات، پێی وایە داربەڕووەکانیش باجی کوردبوون ئەدەن ، خۆگەر لە خاکێکی تر سەوز ببایەن وایان لێ نە ئەهات، بەڵام مادام لە خاکی کوردانن هەمیشە بە سەربەرزیی ئەمێننەوە، شاعیر بۆ زیندوێتییان خوێنی خۆی ئەکاتە ئاو و مەبەستییەتی بەشێك بێت لە سیاسەتیی روو بە رووبونەوە و رەتکردنەوەی واقعی داسەپاو، چونکە وەك خۆی ئەڵێت : ((تا ئەهات دۆخی سیاسیی عێراق بەرە و دارِمان ئەچوو، سەدام دەستی بە سەر تەواویی دەسەڵاتدا گرتبوو، سەرەتای شەڕ لە کوردستان دەستی پێ کردبۆوە . بە عەرەبکردنی کەرکووك و ناوچەی تر، راگواستنی گوندەکانی کوردستان، فراوانتر کرابوون. تیرۆر، گرتن و لە سێدارەدانی ئەندامانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی سۆسیالیست، زۆر ئەبیستران. بە کورتی هێزی شەڕ، تیرۆر و وێرانکاریی، پەتی پساندبوو .)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٣٢)

شاعیرانی تاراوگە بە هۆی چەند هۆیەکەوە گوێ بیستی ئەو زانیاریی و هەواڵ و کارەساتانەی بە سەر گەلی کورد دا ئەهاتن، هەروەها (رەفیق سابیر ) لە سۆفیا (بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانی )ی دەست ئەکەوت، کە باسی بارودۆخیی نەتەوەی کورد و ((هەواڵی پڕ ئازار و ترسناکیی لە بارەی وێران کردنی کوردستان، گرتن و لە سێدارەدانی خەڵك و چالاکیی پێشمەرگە و بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەی دەسەڵاتی بەعسیی بڵاو ئەکردەوە . شاڵاوی بەعس بۆ سەر هاوڕێیانمان توندتر کرابوو، ئەو هەواڵ و رووداوە ناخۆشانە، بێتاقەتیان کردبووم . بە جەستە لە دەرەوە و بە بیر و رۆح، هەر لە وڵات بووم تیرۆر و ستەمی بەعس، هەستی بەرپرسیاریی ئەجووڵاندم و مەیلی سیاسیی جۆش ئەدام .)) (نوورەدین،٢٠٢٢: ٣٧)ئەم ڕاستییە لەم دەقەدا رەنگیداوەتەوە :

ئاسمانێکی شین و خنجیلانەم هەبوو

داگیرکەران بەسەر سەرمیاندا ڕووخاند

چۆرە خوێنێکی ڕەش و

چەپکێك خەونی هەنگوینی و

چەند کتێبێکم هەبوو

ئەویشیان برد بە تاڵان .

بەڵام کاتێك هاتن پێستەکەم بگۆڕن

دەموچاوم بشێوێنن

بەفر و برووسکەم کردە بەر ،

وڵاتەکەم نایە کۆڵ و

ڕێگای تفەنگم گرتە بەر . (نوورەدین،٢٠٢٢: ٣٧-٣٨)

ئەم ڕێگەی خەبات و گرتنە بەرەی شاعیر لە پێناو گەل و نەتەوەدایە بۆ ئەوەی ئازادیی و رزگاریی بێتە بەرهەم، شاعیر هەوڵی خستنە روویی کەم و کوڕییەکانی وڵات و حکوومەت، لە گەڵ ئەوەشدا رەخنەگرتن لە دەسەڵات و کاربەدەستە خراپەکانی حکوومەت و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەریان (رەفیق سابیر) وەکو کارەکتەرێکی دیار و خاوەن هەڵوێستی سیاسیی لە سەردەمی خۆیدا لە پاڵ پیشەی تایبەتیی و چالاکی سیاسییدا بە شیعرەکانی ویستویەتی رەخنە لە بارودۆخی نەتەوەکەی بگرێت و بە کۆمەڵگا بگەیەنێت کە بە بێ ماندوو بوون و رەنج و خەبات و تێکۆشان ، ئازادیی و سەرفرازیی بە دەست نایەت، شاعیر لە دەقی شیعریی(اا)ئەڵێت:-

لە وڵاتی بەفر و خەم و برسێتیدا

لە پێناوی لە دایکبوونێکی تازەی شتەکاندا

شەهید دەبێت

شەهید دەبێت لە دارەمەیت ، لە گۆڕەکان

یاخی دەبێت . (سابیر ،١٩٧٦:٨١٥)

شاعیر تەنها بە زیندۆێتی یاخیی نابێت، بەڵکو دوای شەهیدبوونیش هەر یاخیی ئەبێت ئەم جارەیان لە دارەمەیت و گۆڕەکان، ئەمەش لە پێناو گۆڕینی واقیع بەرە و باشتر بە واتا شاعیر یاخیبوون ئەکاتە رێباز و ئایدۆلۆجیا و ئاوێتەی سیاسەتیی ئەکات شاعیر لە دەقی شیعریی (ڤیکتۆر گارا )دا ئەڵێت:-

وەکو زامێکی یاخی بوو

بەسەر گوێزاندا رادەکەیت

بەرەو قۆناخێك مل دەنێیت

شەهیدەکان چاویان بڕیوەتە ئاسۆ و

زامیان رووە و گوللە و نێزە

هەڵخستووە . (سابیر ،١٩٧٦:٨٢٢)

یاخییبوون لای(رەفیق سابیر) زیاتر رۆئەچێت و بە تەنها لە شتە گەورەکاندا بەدی ناکرێت ئەوەتا لێرەدا (زام) یش یاخیی ئەبێت و سەختترین رێگاکە (بە سەر گوێزاندا)یە ئەگرێتە بەر ئەمەش لە پێناو ئاسودەکردنی ویژدانیی شەهیدەکانی رێگای رزگاریی و ئازادیی شاعیر پێیوایە((ئازادیی بەهرە هەمیشە پەیوەندیی بە ئازادیی مرۆڤەوە هەیە . بە بێ ئازادیی مرۆڤ ، وەك تاکە کەس ، هیچ جۆرە ئازادییەك بوونی نییە ،چونکە مرۆڤ چەند بتوانێت ، وەك تاکەکەس ، لە بیرکردنەوە و کار و باوەڕ و ئایین و ژیانی شەخسیی خۆیدا ئازاد بێت، هێندەش ئازادیی بەهرە و داهێنان و ئازادیی کۆمەڵ گەشە ئەکەن، بەڵام ئازادیی پارچەیەکە دابەش ناکرێت، ئازادیی سیاسیی و ئایین ... تاد نرخ یان ناوەڕۆکێکی ئەو تۆیان نابێت، ئەگەر مرۆڤ وەك تاکێکی داهێنەر ئازادیی ژیان و کار و ئازادیی جەستەیی و رۆحیی بۆ دابین نەکرێت .)) (سابیر،٢٠٢٢: ١٤٥)

شاعیر لەدەقی شیعریی (لە نێو دڵۆپە فرمێسکێکدا )دا ئەڵێت:-

من بووم گۆی مەمکی پڕ شیری وشەکانم

دەنایە نێو دەمی کۆرپەی

شۆڕشی بێ ناونیشانتان

خۆری هیوا و کۆڵنەدانم

دەهێنایە نێو جیهانی بێ بەیانتان .

کەچی ئێوە

لە دوای ئەوەی بە شمشێری رق و کینە

سەرم دەبڕن

لە بیابانێکی چۆڵدا جێم دەهێڵن

لاپەڕەی مێژوویشم دەدڕن ؟!( سابیر، ١٩٧٦:٨٤٨)

شاعیر ئەو راستییەمان بە بیر دێنێتەوە، کە بە درێژایی مێژوویی عێراق هەمیشە کورد بەشێك بووە لە بنیاتنانی حکومەت و دامەزراوەکان، کە چی هەر زوو دەسەڵاتدارانی عێراق لە گەڵ چوونە دەسەڵاتیان ورده ورده لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەتەوە و وەك دەسەڵاتدارانی پێش خۆیان مافی گەلی کوردیان پێشێل کردووە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو وەکو دوژمنێك لێ یان روانیوە و هەوڵی لە ناوبردنیان داوە، ئەم دەقە وابەستەی ئەو رۆژگارە تاڵەیە، کە تێیدا رێکەوتنی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا ئەنجام درا و کۆتاییی بە شۆڕشی ئەیلوول هێنرا و کوردان جارێکی تر بێ هیوا کران، بۆ کورد پەروەرێکیی وەك(رەفیق سابیر)کارەسات بوو .

شاعیر لەدەقی شیعریی ( کاتێك زامەکان هەڵدەچن )دا ئەڵێت:-

کێ بوو نیگاکانی کوشتم ؟

کێ بەرگی رەشی پێ پۆشیم

پێکی خۆزگەی نەکرانەوەی

دەرگای زیندانی پێ نۆشیم ؟

کێ بوو نیگاکانی کوشتم ؟

کێ بوو نیگاکانی کوشتم ؟( سابیر ،١٩٧٦:٨٦٢)

نسکۆی شۆڕش لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو یەکێك بووە لەو رووداوە تراجیدیانەی، کە زۆرترین کاریگەری لەسەر شاعیر جێهێشتووە و بووەتە ئازارێکی نەبڕاوە بۆی ئەوەتا لێرەدا بە حەسرەتەوە لە سەبەبکاری ئەو تاوانە ئەپرسێت و بە دووبارەکردنەوەی پرسیارەکانیی گیانی یاخییبووی جۆش ئەداتەوە و ئەیکاتە هەوێنی شۆرشێکیی نوێ.

لە دەقی شیعریی (سکالای ئەستێرەیەکی تاساو )دا ئەڵێت:-

کەی تیشکی چاوی بروانان دارستانی

نێو زستانی

پڕ بەستەڵەك دەسووتێنێت ؟

تۆڵە ... تۆڵەی

هەزار ساڵەی

چەوساوەکان لە سەرکردەی

سوپای شەوەزەنگ دەستێنێت ؟

کەی بورکانی ژێر کەلەپچە

لە دڵتاندا سەر دەردێنێت ؟

شورەی بەرزی تەلارەکان دەرووخێنێت

نەورۆزێکی راست و رەوان

بۆ کوردستان

بەدەست دێنێت . (سابیر ،١٩٧٦:٨٦٤)

هەمان گیانی پڕ لە تۆڵە و یاخیبوون ئەکاتە هەوێنی دەقێکی تر و گیانی یاخیبوونی بەرفراوانتر ئەبێت بەرامبەر بە ئاوارەیی و دەربەدەریی گەلی کورد، کە رۆژ لە دوای رۆژ ئەم ئاوارەییە زیاتر ئەبێت برین و زامەکانی گەلی کوردیش رۆژ لە دوای رۆژ قوڵتر ئەبێت و چارەسەر ناکرێت، بۆیە هەڵساندنەوەی شۆڕشیی گەلی کورد زۆر مەحاڵ و ئەستەمە، چونکە گەلی کورد ئاوارە و دەربەدەریی شار و ناوچەکانی تری کوردستان کراوە، بەمەش تۆویی خۆشەویستیی و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە دوژمن کاڵ بوەتەوە و بەرگەی ئەو هەموو ئازار و نەهامەتییە ناگرن، کە بە سەریاندا هاتووە بێ گومان دوور کەوتنەوە لە زێدی باو باپیران ئەبێتە خەمێکی مەزن و دروست بوونی نامۆیی لە نێو تاکەکاندا ، کە زیاتر نامۆییە گۆشەگیریان ئەکات بەرامبەر هەموو لایەن و گۆشەکانی ژیان . لەم بارەیەوە شاعیر ئەڵێت : -((من ئەوکاتە لە دوو حاڵەتی مەنفادا ئەژیام، مەنفا و نامۆ بوونێکی رۆحی و سایکۆلۆجیی بە دەور و بەروو بەو بارودۆخەی کە هەبوو، نامۆ بوونێکی جوگرافیی کە من لە وڵاتێکی تر ئەژیام، سەرقاڵی خوێندن بووم و زۆر دڵم بە خوێندنەکەم خۆش بوو، کاتێکی زۆرم هەبوو بۆ خۆ فێرکردن، بەڵام من لە ناخەوە، بە رۆح و بە دڵ لە وڵات بووم. )(سابیر،٢٠٢٢: ٣٣٤)

لە دەقی شیعریی (سێ پەڵە هەور و بروسکەیەك)دا ئەڵێت:-

بە مەشخەڵی گڕی تۆڵە

دەفەی سنگی

شەوە زەنگی

رێگای سەخت دەسووتێنم.

رێیەکی نوێ بۆ کاروانی

ئاوارە بوو دەنەخشێنم. (سابیر، ١٩٧٦:٨٦٨)

ئەزموونی خۆشەویستیی شاعیر لەو رۆژگارەوە خەمێکی تری بۆ سەر شان و بیر و دەروونیی شاعیر زیادی کردووە و هێندەی تر حەسرەتی گەل و خاك و خۆی تێکەڵ شیعرەکانی ئەبێت و بە کۆمەڵێك پرسیاری بێ وەڵامەوە ناخی خۆی هەڵدەبژێرێت، رەفیق سابیر مەبەستییەتیی گەلەکەی وەك زاڵم پیشان نەدات ئەم ستراتیجە وایکردووە وشەی (تۆڵە) بێتە نەخشە رێی بیریی وێنە شیعرییەکەی، بەوەی کورد لە قۆناغی بەرگریی و مافی وەرگرتندایە، هەربۆیە رێگاکەی سەختە و کاروانەکەی بەردەوامە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە باوەڕێکی راست و حەقەوە هەڵئەقوڵێ گەشبینە بە ئەنجامی شۆڕشەکە، کەخۆی لە ئازادبوونیی کوردستاندا ئەبینێتەوە، شاعیر لێرەدا یاخییە بەرامبەر بە هەموو نەتەوەکانی جیهان، کە لە بەرامبەر داگیرکردن و دەست بە سەردا گرتنی خاکی کوردستاندا هەڵوێستیان نەبووە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد وەکو چۆن ئاسمانێك ئەستێرەکانی بکوژێتەوە ئاشقێك خۆشەویستەکەیان لێ شاردبێتەوە

نەتەوەی کوردییش بەو شێوەیە خاکەکەیان لێشاردەوە و شۆڕشێکیان کوژاندەوە .

لە دەقی شیعریی (ئەم مرۆڤە)دا ئەڵێت:-

بە منداڵی

فێر بوو کەژ و چۆلەکە و کانی خۆش بوێت

فێر بوو دڵی بۆ ئەو بارانە لێبدات

کە پێوەندی دەکەنە پێ تا نەبارێ

بە سەر جەستەی رۆژەکاندا

بێتە خوارێ

............................

بەڵام کاتێك

کە دەبینێت نیشتمانی

لە سەر شۆستەکان کەوتووە

نیشتمانی

لە ژێر سێبەری چەقۆدا پاڵکەوتووە

تا دەتوانێت

دەرگای شار بەرد باران دەکات

تا دەتوانێت

نەفرەت لە پاشاکان دەکات . (سابیر ،١٩٧٩: ٧٢٩- ٧٣١)

شاعیر راستییەك لە سروشتی ژیانی مرۆڤەوە ئەخاتە روو، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ کە منداڵە نە رق ئەزانێت، نە کینە و درۆ، بەڵکو هەمیشە بە چاوی جوانیی و خۆشەویستییەوە لە دەوروبەریی ئەڕوانێت، بەڵام کاتێك گەورە ئەبێت و روو بە رووی دوژمن ئەبێتەوە و ژیان و ئازادیی لێ زەوت ئەکرێت ئەوکات گیانی یاخیبوون و رەتکردنەوەی تێدا چەکەرە ئەکات و دەسەڵاتی چەوسێنەر رەت ئەکاتەوە، ئەوەتا شاعیر دیمەنێکی ژیانیی پڕ لە چەوساندنەوەی خۆیمان بۆ ئەگێڕێتەوە لەو نیشتمانەی کە بە منداڵی هەموو شتێك تێیدا جوان ئەبینی، شاعیر لە بارەی دەقەکانی ئەو ساڵانەی ئەڵێت : ((بەشێکی هۆنراوەکانی (رێژنە) کە لە نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاکاندا نووسراون ، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی دۆخی سیاسیی و فیکریی ئەو سەردەمانەی کوردستان و عێراقیان پێوە دیارە . لە هەمان کاتدا ئەو هۆنراوانە بۆچوون و دنیابینیی ئەو کاتەی منیش دەرئەخەن . ئەو سەردەمە دەسەڵاتیی بەعس بەرە و ترۆپکی هێز و تواناادا هەڵئەکشا . بۆیە وەك هەر دەسەڵاتێکی نا دیموکرات و خۆسەپێنەر ،کە خۆی بە بەهێز ئەبینێت، زیاتر بەرە و دیکتاتۆریی و درندەیی ئەچوو .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٧١-٧٢)

شاعیر لە دەقی شیعریی (رێژنە)دا دەڵێ:-

وەکو بروسکە بەرەو لات هاتم

تا کێو و بیابانم بکەم بە کانی

ئامێزم دەدا لە رێژنە و زریان

گەرووم دەکردە لانەی چریکەو

پشکۆ و گۆرانی ! (سابیر ،١٩٧٩:٧٣٧)

هەڵبەتە گیانی هەڵچوون و یاخیبوون و رۆحیی شۆڕشگێریی لە نووسین و شیعر و هونەردا سەر هەڵئەدات ، شاعیر خۆی چواندووە بە بروسکە، کە بتوانێت شاخ و کێوەکان ببوژێنێتەوە لە هەمان کاتیشدا باوەشی بۆ شەڕ و پێکدانەکان ئەکردەوە و بەو پەڕیی خۆشەویستییەوە لە پێناویی نیشتمان ئەجەنگا بۆ بەدیهێنانی ئاشتیی و ئازادیی بۆ نەتەوەکەی، کە نەتەوەکەی ژێر دەستە و ئەچەوسایەوە لە لایەن داگیرکەرانەوە ئەم پڕ بە گەرووی گۆرانی خۆشەویستیی خاك و نیشتمان ئەڵێتەوە، لە شوێنێکی تردا ئەڵێت:

هاتووم پێکەوە لەبەر رێژنەدا

لە رووی دەسڕێژدا

ریزێك ببەستین

بە بازووەکانمان

بە چەکەکانمان

ئاسمانی شار وئاسۆ رابگرین . (سابیر ،١٩٧٩:٧٤٠)

شاعیر تەنها بە شیعر بەرگریی لە نیشتمان و گەلەکەی ناکات، بەڵکو پێویستیی ئەو رۆژگارە وای لێ ئەکات تا بەچەکیش لە دوژمنان یاخیی بێت و پارێزگاریی لە خاك و گەلەکەی بکات، ئەمەش لوتکەی هەڵوێستی شۆڕشگێڕییە لەم بارەیەوە ئەڵێت:(( وڵاتەکەم نایە کوڵ و رێگای تفەنگم گرتە بەر ) وەك لە هۆنراوەیەکی ئەو سەردەمەدا ( کۆمەڵە هۆنراوەی رێژنە ) وتوومە.)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٦٩)

هەروەها شاعیر ئەڵێ: ((رێگای تفەنگ بۆ من، پردی نێوان خەون و واقیع بوو . هەوڵدانێك بوو بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو شتە جوان و هێژا و ئینسانییانەی لێیان زەوت کردبووین .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٤٦٩)هەڵگرتنی چەك بۆ شاعیر گەیشتنە بەو راستییەی باوەڕی بەرزیی مرۆڤ بریتییە لە کۆشتکردن بە هەموو رێگا و ئامرازەکان لە پێناو ژیانێکی سەربەرزانە، چونکە رژێمی ئەو رۆژگارە بە دڕاندانەترین شێوە روو بە رووی گەلی کورد ئەبوویەوە.

شاعیر لە دەقی شیعریی (زۆرمان پێگوتن) دا ئەڵێت:-

پێمان دەوتن

چۆن دەست بخەینە دەستی شەیتان و

لە پرسەی خوێندا سەرچۆپی بگرین؟

پێمان دەوتن

چۆن کفنی ئاڵی شەهیدان بدڕین؟( سابیر ،١٩٧٩:٧٦٨)

لێرەدا( دەستی شەیتان ) هێمایە بۆ ناحەزان و داگیرکەران و دەسەڵاتداران، کە شاعیر لێرەدا ئەڵێت چۆن دەست بخەینە نێو دەستی دوژمن و لە گەڵیدا پەیمان ببەستین و لە نێو ئەم خوێن و رشتن وپرسەی شەهیداندا (سەرچۆپی بگرین )شاعیر لێرەدا هوشیارانە باس لە باوەڕیی دروستی خۆی ئەکات، کە پێی وابووە رژێمی بەعس جێ متمانە نەبووە و نە ئەبوو رێکەوتنی لە گەڵدا بکرێت وەك ئەوەی لە رێکەوتنی ئازار دا روویدا، لە گەڵ ئەوەشدا رەخنە گرتنە لە عەقڵی سیاسیی کورد.

لێرەدا شاعیر لە دەقی شیعریی(لەدایکبوون)دا ئەڵێت:-

لە نێو بریندا لە دایك دەبێت

لە سەربڕیندا لە دایك دەبێت

لە بۆردوماندا

لە نێو سووتاندا

منداڵێکی کورد لە دایك دەبێت

منداڵە کوردێك

بۆ یاخیبوون و پێشمەرگایەتی

لە دایك دەبێت . (سابیر ،١٩٧٩:٧٧٢)

لێرەدا هەر چەندە لە کاتی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکاندا تا رادەیەك راستەوخۆ مەبەست ئەدەن بە دەستەوە و توشی راچڵەکینیی خوێنەر ئەکات شێوەی دەربڕینی دەقەکە وریاکردنەوەی هەواڵ پێدانە،کە لە نێو بۆردمان و سووتان وێران کردنی شار دا چەندین منداڵ لە دایك ئەبێت، هەر لە سەرەتای لە دایکبوونەوە گیانی یاخیبوون و روو بە روو بونەوەی تێدا دەر ئەکەوێت، یاخیبوون لەم دەقەدا ئەبێتە بیرو رێچکەی خەبات تۆویی یاخیبوون و شۆڕش لە نێو منداڵانیی کور دا ئەچێنێت دژی کۆیلایەتیی و زۆرداریی، کە بە هۆی نەبوونی کیانی سیاسیی ، میللەتی کورد توشی سەختترین چەوسانەوەی نەتەوەیی بووە .

شاعیر لە دەقی شیعریی(وڵاتەکەم)دا ئەڵێت:-

دە تۆ مەگری !

چۆن نازانی وڵاتەکەم

پەنجەی بە خوێنی نەوەکان دەنەخشێنێ

لە ژێر شمشێر و بەر پەتی سێدارەشدا خەو دەبینێت

خەو دەبینێت (سابیر ،١٩٧٩:٧٨٤)

لێرەدا شاعیر هەڵوێستی یاخیبوونی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتی داگیرکەر ئەنوێنی کە چۆن بە زەبری شمشێر و پەتی سێدارە خوێنی نەوەکانی گەلی کورد ئەنەخشێنێت، چۆن بێکەسیی و ئاوارەیی و برینیی نەتەوەی کورد دەستی بەزەیی بە سەر ژانەکانی نەوەیەکدا ئەهێنێت لێرەدا شاعیر یاخییانە دێتە گۆ گیانی مرۆڤی بە خوێن ئەنەخشێنێت، کە چۆن لە ژێر شمشێر و پەتی سێدارەدا خەو ئەبینێت، هەروەها (رەفیق سابیر) دەربارەی شەڕ و پێکدانەکان ئەڵێت :-((شەڕی دا سەپاوی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق بە سەر گەلی کوردستاندا گەیشتبووە ترۆپکی خۆی . لە شەرایتێکی لەو جۆرەدا هەموو بوون و مانەوەی گەلی باشووری کوردستان وەستابووە سەر ئەوەی تا چەند ئەتوانێت بەرگە بگرێ ، یان داکۆکی لە خۆی بکات )) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٠١)

ئەوەتا شاعیر لە شیعریی(گۆرانیی رۆح)دا ئەڵێت:-

تۆی هەڵۆی شەیدای دوندە عاسێکیان ،

هەڵۆی بەرزەفڕ

سەدان شەو لە پاڵ زوقمی کوێستاندا

لە پاڵ گەوڕدا

وێنەی گورگێکی زامدار و برسی ڕۆژت کردەوە

بەشەونخوونی و

خەون و

گۆرانی

رۆحی تەزیوت گەرم کردەوە (سابیر ،١٩٨٥:٦٤٤)

دەقەکە جۆرێك لە خۆ دواندن و خۆ ڕاگری تێدایە، وێنەکان ژیانی پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر ئەخەنەڕوو، کە بەرگەی هەموو دڕندایەتییەکی دوژمنانی گرتووە و بە برینداریش هەر تێئەکۆشێ،(هەڵۆ،گورگ)دوو وێنەی ناو شیعری بەرگریی ئەو ڕۆژگارەن و سیمای بەهێزیی و سەربەرزییان تێدا ئەدرەوشێتەوە، دەقەکە لە دایکبووی رۆژانێکی سەختی خەباتە و شاعیر بە جوانیی بە گەشبینیی و ورە بەرزییەوە دیمەنیی تێ کۆشانمان پیشان ئەدات، بێ گومان هەموو شاعیران و نووسەرانی تر هەمان دیدیان نەبوو وەك خۆی ئەڵێت: ((ئەو دۆخە نوێیە بە شێوەی جۆرا و جۆر لە ئەدەبی کوردیی دا رەنگی داوەتەوە، هەندێك لە نووسەرانی بەرە و رەشبینیی و بێئومێدیی برد . هەندێکی تری تووشی هەژان کرد. رووداوەکە پرسیارێکی جیدیی لە بارەی ناوەڕۆك و ماهییەتی بزاڤی چەکداریی باشوور و هۆکاری تێکشکانی بزاڤە کە خستە ڕوو .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٣١)مرۆڤ هەتا ڕۆحیی خۆ ڕاگریی تێدا نەبێت، ناتوانێت یاخیی بێت.

هەروەها ئەڵێت:-

نیوە شەوە و هێشتا رۆحم هەڵۆیەکی کوێستانییە

نوقمی ئەشق و سەرەڕۆیی و گۆرانییە

رۆحی سەدجار هەڵواسراوم

هێشتا هەر کوردستانییە

شەیدای ئاشتی و

دوندی دوور و

برایەتی و

یەکسانییە .

رۆحی لە مەدار یاخی بووم

لە کەلاوەی وەرزەکاندا گولووکی ئاوەدانییە . (سابیر، ١٩٨٥:٦٤٨)

ئەوەتا لەم دەقەدا لە لایەك جەختی لە گیانی کوردانەی خۆی دەکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە باوەڕی بە برایەتیی و ئاشتیی هەیە لەم بارەیەوە ئەڵێت:((رەنگە هیچ شتێك لە ئاشتیی گرینگتر و پڕ بایەختر نەبێت، شەڕ هەمیشە وێرانکاریی و ماڵ وێرانیی ئەهێنێت، بەڵام ئاشتیی کاتێك بایەخ و مانای خۆی هەیە، کە زەمینەیەك بۆ ئاشتیی هەبێت ، ئەو لایەنەی شەڕ بە سەر تۆ دا ئەسەپێنێت، یان شەڕی بە سەر تۆ دا سەپاندووە، لە مانای ئاشتیی بگات، بڕوای بە ئاشتیی هەبێت، یان ژیانی ئاشتییانە بە تۆ رەوا ببینێت ، بەڵام کاتێك کە پێچەوانەی ئەوە ئەبێت ، ئاشتیی خۆی لە وشەیەك زیاتر نییە و ناوەڕۆکێکی ئەو تۆی نامێنێت، قسەکردن لە ئاشتیی تەنیا لەسنووری خەونێك ، خەیاڵێکدا ئەمێنێتەوە. ئەو دێڕە شیعرەی بەرێزتان ئاماژەتان پێ کرد، لەو سیاقەدا نووسراوە، کە تۆ شەڕێکت بە سەردا سەپێنراوە و هیچ دەرفەتێکی تەنانەت بۆ خەوبینین بە ئاشتییەوە نەماوە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٠١)

هەر لەم قۆناغەدا لە دوایساڵی هەشتاکانەوە شاعیر روو لە هەندەران ئەکات و ئەزمونێکیی تری ژیانی دەست پێ

ئەکات، ئەم وێستگەیە ئەگەرچی لە رووی جەستەییەوە شاعیری لە وڵات و گەل دابڕی، بەڵام لە رووی رۆحیەوە هەر بە وابەستەیی مایەوە، شاعیر دەربارەی ئاوارەیی و بێکەسیی ئەڵێت:- ((مەنفا لە شیعرەکانی مندا تەنیا مەنفایەکی جوگرافیی نییە، کە نزیکەی نیوەی ژیانم تێیدا بە سەر برد، بەڵکو مەنفایەکی وجودیی – فەلسەفییشە، کە رەنگە وەك نامۆ بوون ناو ببرێت ، چونکە ئەم جۆرە مەنفایە، لە بنەڕەتدا، ئەنجامی نامۆبوونی مرۆڤە بە خۆیی و کۆمەڵگا و دەوروبەر و ژیان. مرۆڤ بە هۆی گەشەکردنی هۆشیارییەوە، زۆر جار ناتوانێت لە گەڵ دەوروبەرەکەیدا هەڵ بکات و بگونجێت و خۆی لە کۆمەڵگەکەیدا ببینێتەوە .بە کورتی پێم وایە مەنفا، لە هۆنراوەکانی مندا، فرە رەنگە، بە بارێکدا هەست کردنە بە نامۆ بوون بە خۆ و ژیان و دەوروبەر و بوون، بە بارێکی دیکەدا ژیانە لە گەڵ ئەو یادەوەریی و شوێن و رووداوانەی، کە پەیوەندییان بە منداڵی و وڵاتەوە هەیە و رۆژێك لە رۆژان مانایەکیان داوە بە ژیانی من، هەروا رەنگە جۆرە یاخیبوونێکیش بێت لە ستەم و بێدادیی و دەستەمۆ کردن .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢١٠) جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، کە باڵایی بەهای مرۆڤایەتیی لەم دەقەی (وەرزی سەهۆڵ بەندان)دا سەرنجیی چەند نووسەرێکی بیانی بۆ لای خۆی راکێشاوە ،ئەوەتا (تۆربیۆن سێفڤی)ئەڵێت: ((لە خوێندنەوەی ئەم شیعرە بە هێزە یادەوەرییانەدا، جار لە دوای جار ، تۆنی مایاکۆڤسکی ئەبیستم ، نەك وەك لاساییکردنەوە ، بەڵکو وەك جیاوازیی و تایبەتمەندیی کەسایەتیی یاخیبوویەکی خۆشەویستیی ، یان ئەڤینداریکی یاخیی .( رەفیق )یش هەر وەك مایاکۆڤسکی لە سووتاندایە. پڕ بە گەروو، بە هاوار ژانە سەراسەریی ( گشتیی )و سیاسییەکانی دەرئەبڕێت.))(سابیر،٢٠٢٢: ٢٠٧) هەمان سەرنج لای خاتوو(مایانیتیامێکی)یش ئەبینرێت، کاتێك بەراوردی دەقی سابیر و مایکۆڤسکیی ئەکات و ئەڵێت:((خزمایەتیی نێوان سابیر و مایاکۆڤسکیی بە ئاشکرا دیارە، بەڵام دەنگی سابیر دەنگی خۆیەتی و خاوەنی ژێیەکی خاکیتر و کامڵتره بە بەراورد، لە گەڵ دەنگی بە جۆشی پێشەوا گەورەکە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٢٠٧)

شاعیر خۆیشی دەربارەی ئەم قەسیدەیەوە ئەڵێت:-((قەسیدەی وەرزی سەهۆڵبەندان لە بارەی خۆشەویستیی، مەنفایە، لە بارەی ئینسانێکە وڵاتەکەی بە کۆڵدا داوە و هەر رۆژەی لە شوێنێکە و لە هیچ شوێنێکیش نییە .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٣٣٣)هەرچۆنێك بێت مرۆڤێکی پەناهەندەی وڵاتان کە خاك گەلەکەی لە ژێر دەستەدا بن و ئەمیش زمان و کەلتوورێکی تری هەڵبژاردبێت، ئەبێت لە چ دۆخێکی دەروونیی نالەباردا بێت، ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە شەڕی ناوخۆیی ئەو رۆژگارەش هێندەی تر کاری کردبووە سەر ژیان و ئەزموونیی شیعرییەکەی لە پاڵ هەموو ئەمانەدا سەرهەڵدانی ئەزموونیی خۆشەویستیی شاعیر لە مەنفا دەبێتە کەرەستەیەکیی تری شیعریی لە دەقەکەدا رەنگ ئەداتەوە :-

به سەر شانی دارستاندا سەردەکەوم

چرایەك بە لقی شەودا هەڵدەواسم

لە نێوانی دوو لوتکەدا

هەورێك دەکەم بە جۆلانە

تاوڵێکی بێ خاك و ئەستوند

ئەشکەوتێکن

پەنا دەوەنێك بە هێلانە.

بۆ کوێت بەرم سێوە خانێ ؟

بە شەوی باو بۆرانێ

ناگەمەوە کوردستانێ !)) (سابیر،٢٠٢٢: ٣٣٤- ٣٣٥)

هەروەها شاعیر (( پیاوێکی ئەڤینداریی جوانناسیی جوانیگەر چۆن توانی بەشداریی لە ژیانیی سیاسیی کوردیی دا بکات لە کاتێکدا سیاسەت لە زۆربەی کاتدا ماناکانی جوانی بینیی وێران ئەکات ، بە تایبەت لە کوردستان .)) (سابیر،٢٠٢٢: ٨١)، شاعیر لە پێناو ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا و روونکردنەوەی پەیامی خۆی لە شیعرەکانیدا بەشداریی کردووە و بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی.

ئەم دەقە ئەو وتەیەی شاعیرمان بیر ئەخاتەوە کە ئەڵێت:-((من لە شەرایتێکدا لە شوێنی خۆم هەڵ قەندرام و لە ژیانێکی ئاسایی خۆم دابڕام .سەردەمێك پێشمەرگایەتیی و دواتر دووره وڵاتیی و ژیان لە وڵاتانی جیاواز . ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە گۆڕانێك لە تێڕوانینم سەبارەت بە شیعر رووبدات، لە هەمان کاتدا، لەو قۆناغە نوێیەدا، لایەنی ناوەوە، یان لایەنی دەروونیی ئینسان ، هەروا تاکەکەس، بۆ من گرینگ بوو، هەموو کارێکی گرینگیی ئەدەبیی، هەموو کارێکی تەنانەت گرینگیی سیاسیی، سەرەنجام خودی ئینسان ئەکرێتە سەنتەر، یان ئەبێتە ئامانج .)) (سابیر،٢٠٢٢: ١٩٩)

بێگومان دڕاندایەتیی رژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد لە نیوەی دووەمیی هەشتاکانی سەدەی رابردوو گەیشتە لوتکە ، پرۆسەی ئەنفال کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دوو دیارترین تاوانەی مرۆڤایەتی سەردەمەکە بوونە، کە سەرنجی هەموو کورد پەروەرێکیان بۆ لای خۆیان راکێشا بە تایبەتی کە لەو رۆژگارەدا کورد، جگە لە خودا هیچ گەورە هێزێکی جیهانیی لە گەڵدا نەبوو، کیمیا بارانکردنیی شاری هەڵەبجە بە رۆژیی نیوەڕۆی (١٩٨٨/٣/١٦)ترۆپکی تراجیدیاکە بوو بۆ (رەفیق سابیر)کورد پەروەر ئەو تاوانە بووە هەوێنی لە دایکبوونیی شاکاریی (لاوکی هەڵەبجە) کە تیایدا ئەڵێت:

گەرووی بە گزنگ تەڕکەن

زامەکانی بە شێلان

بە گۆرانی داپۆشن

یان بە سەوزیی دارستان (سابیر ،١٩٨٩:٥٣٥)

خوێنەر، کە سەرنج لە دەقی سەرەوە ئەدات، هەست بە تایبەتمەندیی زمان و وێنەکان ئەکات، بە سیما رۆمانسیەتیان لێ ئەبارێت و بە ناواخنیش برینێکیی شەڵاڵ لە خوێندان، ئەم وێنانە جیاوازیی شاعیر لە شاعیرانی تر پیشان ئەدەن بە تایبەتیی لە باسی تراجیدیایی هەڵەبجە دا، ئەم بارە لە دەقەکە دا درێژە ناکێشێ ئەوەتا راستەوخۆ ئەڵێت:

فرۆکەکان لە ناکاو دێن

رووتین ، خۆمان بە ئاسمان و

دارستان و

لەپی دەستمان

دادەپۆشین .

چنگێك شەپۆڵ دەچنینەوە

دەیکەین بە دەمامك و رەشماڵ

تاوێرێك هەڵدەکۆڵین و

کەچی رووتین ،

خۆمان بە ساچمە و هەوری ژەهراوی دادەپۆشین

هێشتا روو تین ...

رووتین ...

رووتین ...! (سابیر ،١٩٨٩:٥٤٢)

لێرەدا شاعیر بە شێوەیەکی راستەوخۆ باسی دیمەنەکانی هەڵەبجە ئەکات و بە هیچ شتێکی ناچوێنێت، رۆڵ و دەورەکانیش ناگۆرێت، بۆیە میللەتی کورد لە ترسی هاتنی فرۆکەکان خۆیان بە گژوگیای دارستان دا ئەپۆشن یان لە ناو گژو گیاکاندا خۆیان حەشار ئەدەن ، شاعیر ئەوەندە توخنی ئازار و تراجیدیاکانیی هەڵەبجە بووە بە دەستی دەسەڵاتی رژێمی بەعس دیکتاتۆر هەستی بە هەموو برین و ئێش و ئازارەکانی هاوڵاتیانی هەڵەبجە بریندار ئەکات، کە( شەپۆل) ئەکەنە دەمامك بۆ ئەوەی لە بۆن و خنکاندنی ئەو گازە ژەهراوییە رزگاریان بێت، لە ئاست بێ دەنگیی و بێ هەڵوێستیی وڵاتانی جیهان ئەڵێت :

ڕابە ڕۆڵە نەبەردەکەم!

ڕابە شارە شەهیدەکەم!

ڕابە هاوارو فرمێسکی خۆڵەمێشی کۆرپەکانت

بشۆرەوە.

ڕابە ویژدان و جوامێری

بە سەر ئەم دنیا دونەدا ببەشەوە.

ڕابە لەکەی شەرمەزاری سەر ڕوخساری

دۆستەکانمان بۆ بسڕەوە. (سابیر ،١٩٨٩:٥٥٨)

شاعیر ئەگاتە لووتکەی یاخیبوون بەرامبەر بە بێ ویژدانیی و بێ هەڵوێستیی وڵاتانی جیهان، لە ئاست تراجیدیای هەڵەبجەدا، شاعیر داوا لە ڕۆڵەکانی ئەکات پەڵەی شەرمەزاریی سەر رووخساریی دراوسێ و دۆستەکانی نەتەوەی کورد بسڕێتەوە.

## ئەنجام

١.ڕەفیق سابیر دەنگێکی دیاری ساڵانی(١٩٧٠-١٩٩١)ی شیعریی کوردیی بووە و دەقەکانی ئاوێنەیەکی دیاری ئەو قۆناغەن و تیایاندا ڕووداو گەلێکی سیاسیی خراونەتە روو، تێڕوانینیی شاعیر بۆ یاخیبوونی سیاسیی تێڕوانینێکیی فرە رەهەند و قووڵە، چونکە پرۆسەی یاخیبوون بووەتە چارەنووسیی زۆرینەی شۆڕشگێڕانیی گەلی کورد و کۆڵنەدانیش بووەتە زامنی سەرکەوتن، شاعیر هەوڵیداوە زۆرتر خزمەتیی گەل و نیشتمانەکەی بکات.

٢. یاخیبوونی سیاسیی لە کایەکانی (دەسەڵات ، چەوساندنەوە، ستەم، شکستەکانی دەسەڵاتی سیاسیی )دا خۆی بەرجەستە ئەکات، ئەم چەشنە یاخیبوونەش تەنها لە یەک ئاستیی دیاریکراو دا خۆی نانوێنێت، بەڵکو بە پێی قۆناغ و بارودۆخ گۆڕانی بە سەردا دێت ، یاخیبوون یەکێکە لە دیاردە شیعرییە دیارەکان لای (ڕەفیق سابیر)،کە تیایاندا دەسەڵاتیی داسەپاویی رژێمی بەعسی دڕندەی ڕەتکردوەتەوە، ئەمەش هەم بە شیعر و هەم بە ژیانیش وەک چ پێشمەرگەیەک و چ وەک پەنابەرێک ڕەنگیداوەتەوە.

٣.نسکۆی شۆڕشیی کورد لەساڵی(١٩٧٥)یەکێکە لەو بابەتە شیعرییانەی، کە کارێکی زۆریان کردۆتە سەر شاعیر و

یاخییبوونیان لە هەستەوە بۆ بیر گۆڕیوە لای، هەستی نەتەوەیی و کوردایەتیی بە ڕێگەی تێکۆشان و خەبات داناوە و توانای رۆشنبیریی و زانستیی و سیاسیشیی لەو مەیدانەدا بەکار هێناوە.

٤.(لاوکی هەڵبجە)لوتکەی ئازار و یاخییبوونیی شاعیر و گەلەکەیەتیی، کە تیایدا زمان و وێنە و تەنانەت هەڵچوونەکانی شاعیریش جیاوازن، هەڵچوونەکان ئارامن و یاخییبوونەکانیش نەرمن، لە گەڵ ئەوەشدا شاکارێکی قۆناغەکەن، زمانی شیعریی شاعیر بە گشتی باڵاترە، بە تەواوەتی لەخزمەتی پەیامەکەیدایە، چونکە شاعیر رەهەند و هۆکاریی ( پرسیار کردن، بانگکردن،......هتد بە کار هێناوە، بۆ ئەوەی پرۆسەی یاخییبوونی سیاسیی پێ ئەنجام بدات.

## الخلاصة


ان هذا البحث الذي يحمل عنوان (التمرد السياسي في أشعار رفيق صابر) هو محاولة لعرض وعكس فكر التمرد في النصوص الشعرية للشاعر، والتي أظهرت بوضوح روح التمرد لدى الشاعر في ذلك الوقت، وكذلك اظهرت المواقف المكتسبة للشاعر من الأحداث والمآسي الكبيرة التي حلت بالأمة الكردية وخاصة مأساة حلبجة، مما جعلت الشاعر يختار ميدان الثورة والتمرد ويجعل من تضحيته هدفه الأسمى والاخير. شهد الوضع السياسي في جنوب كردستان بين عامي ١٩٧٠ و١٩٩١ العديد من التقلبات السياسية، ومما لاشك فيه ان هذه الاحداث والتطورات ستكون لها تاثيراتها على الشاعر المرتبط بارضه وشعبه كما في الشاعر (رفيق صابر)، وتحاول هذه الدراسة ايضا إظهار نوعية وكمية المواقف المتمردة للشاعر تجاه السلطة السياسية لنظام البعث خلال تلك السنوات، وينظر الشاعر بشجاعة وجرأة إلى الأحداث والمآسي التي حلت بالأمة الكردية حيث انه في كل مرحلة كان له رأيه وموقفه الخاص به، ولا ينعكس ذلك في قصائده فحسب، بل ينعكس في حياته الشخصية أيضًا، وبذلك أصبحت سمة للشاعر.

يتكون البحث هذا من جزئين رئيسيين ، الجزء الأول بعنوان (التمرد وانواعه والوضع في جنوب كردستان) والذي يتضمن مبحثين ،المبحث الأول بعنوان (أ-_مفهوم التمرد ب_- انواع التمرد) و المبحث الثاني بعنوان (الوضع السياسي في اقليم كردستان بين الاعوام ١٩٧٠_-١٩٩١) . اما الجزء الثاني بعنوان (التمرد في اشعار رفيق صابر ) فيتكون من مبحثين، المبحث الأول بعنوان (رفيق صابر وتجربته الحياتية) والمبحث الثاني بعنوان (التمرد السياسي في اشعار رفيق صابر ١٩٧٠-_١٩٩١.( بعدها قدمنا نتائج وخلاصة البحث باللغتين العربية و الانكليزية و كذلك قمنا بفرز اسماء المصادر والتي استفدنا منها للوصول لانجاز هذا البحث .



الكلمات الدالة:

التمرد، رفيق صابر ، الثورة، المواجهة.

(Political Rebellion in Rafiq Sabir's Poetry)


## Abstract

This research, titled (Political Rebellion in Rafiq Sabir's Poetry), is an attempt to present and reflect the thought of rebellion in the poet's poetic texts, which clearly showed the poet's spirit of rebellion at that time, and also showed the poet's acquired positions on the major events and tragedies that befell the Kurdish nation, especially The tragedy of Halabja, which made the poet choose the field of revolution and rebellion and make his sacrifice his ultimate and final goal. The political situation in southern Kurdistan between ١٩٧٠ and ١٩٩١ witnessed many political fluctuations, and there is no doubt that these events and developments will have their effects on the poet who is connected to his land and his people, as in the poet (Rafiq Sabir). This study also attempts to show the quality and quantity of the poet's rebellious positions towards political authority of the Baath regime during those years, and the poet looks with courage and boldness at the events and tragedies that befell the Kurdish nation, as at every stage he had his own opinion and position, and this is not only reflected in his poems, but it is also reflected in his personal life, and thus it has become a characteristic of the poet.

The research consists of two main parts, the first part is entitled (Rebellion, its types, and the situation in southern Kurdistan), which includes two sections, the first section is entitled (A - The concept of rebellion B - Types of rebellion) and the second section is entitled (The political situation in the Kurdistan region between the years ١٩٩١-١٩٧٠). As for the second part, entitled (Rebellion in the Poetry of Rafiq Sabir), it consists of two sections. The first section is entitled (Rafiq Saber and his life experience) and the second section is entitled (Political Rebellion in the Poetry of Rafiq Sabir ١٩٩١-١٩٧٠). After that, we presented the results and abstract of the research in Arabic and English languages, and we also sorted Names of the sources that we benefited from to complete this research.



Key words

**Rebellion, Rafiq Sabir, revolution, confrontation.**

## لیستی سەرچاوەکان


١-ئیسماعیل، نەجمەدین عەبدوڵڵا (٢٠١٦) . هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٩،چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢- ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز (٢٠٠١) . ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ١٩٧٥-١٩٩١،چاپخانەی دروون، سلێمانی .

٣-رۆستەم ، ئاری عوسمان (٢٠١٦). رەنگدانەوەی بوونگەرایی لە رۆمانی کوردیدا کرمانجیی ناوەڕاست (٢٠٠٣-٢٠١٣)، خانەقین، نامەی ماستەر .

٤- سابیر، رەفیق (٢٠٢٢). روانین بە ڕووناکیدا لە بارەی شیعر، ئازادی ،ژن،(دیداری ئەدەبی)، چ١، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی .

٥-سابیر، رەفیق (٢٠١٤). دیوانی ڕەفیق سابیر، چ١، چاپخانەی ناری، ناوەندی غەزەلنووس – بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

٦-سعید، ناز ئەحمەد (٢٠١٠). لادان لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، نامەی ماستەر، سلێمانی .

٧-طە، هاوکار مامەند،( ٢٠٠٦). قەدەغە شکێنی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا( ١٩٨٠- ١٩٩١ )، باشوری کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

٩-عەبدوڵڵا، فەریدوون عەبدولڕەحیم ( ٢٠٠٨). بارودۆخی سیاسیی کوردستان-عێراق١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٠-عبداللە، گەردی، شوان نوری عبداللە، سەردار ئەحمەد گەردی (٢٠٢١). یاخیبوون لە نیشتمان لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت )دا گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٨) .

١١-عساف، نوال محمد (٢٠٢٠). قیاس مستوی التمرد النفسی فی المدارس الثانویة من وجهة نظر المدرسین، مجله جامعه بابل للعلوم ألانسانیه، المجلد٢٨، العدد(٣).

١٢-فوکو، میشیل (١٩٩٠) . ترجمة، علی مقلد، نسق التمرد، المراقبه والمعاقبه – ولادة السجن، مراجعة،مطاع الصفدی، مرکز الانماء القومی، بیروت ، لبنان.

١٣- کامو ، آلبیر،(١٨٩٣). ترجمة نهاد رضا، الانسان المتمرد، الطبعة ٣، بیروت، باریس.

١٤-کامۆ، ئەلبێرت(٢٠١٢). مرۆڤی یاخی، و: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، ئەندێشە.

١٥-مراد، عادل (٢٠٠٦). الاتحاد الوطنی الکردستانی ،الانطلاقةمن طلیطلة الی بغداد، خواطر بعد ثلاثین عاما، ط١، مطبعة(زانا)، دهوك.

١٦-کریم، عبداللە، ئازاد عبدالواحد کریم، سەعید محەمەد عبداللە(٢٠١٠). شیعر لە نێوان پەیوەستبوون و یاخیبووندا (گروپی کەرکوک-کفری، ڕوانگە) وەکو نموونە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٢٩)، بەشی B.

١٧-مراد ، هەڤاڵ عادل (١٩٨٨).چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی بۆ ڕێبازی نوێ دەگێڕێتەوە، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە(١٢).

١٨-میرە، ئەحمەد محمد رشید(٢٠٢٠). یاخیبوون لە نیشتمان سیاسەت و ئایین لە جیهانبینی(شێرکۆ بێکەس و ماغوت)دا، چ١، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.

١٩-عەبدوڵڵا، شوان نوری (٢٠٢٢). یاخیبوون لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلیزادە، کەژاڵ ئەحمەد )دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

٢٠-نوورەدین ، بوار(٢٠٢٢). پەیڤ وپەیام (هەڵبژاردەی نووسینەکانی ١٩٧٠-١٩٨١لە گەڵ بیبلیۆگرافیایەکدا (رەفیق